## یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان



### راپۆرتێک لەبارەی

# کێشەکانی پاراستنی ژیانی سروشتیی لە گەرمیان

ئابی 2023

# بەشی یەکەم: ژیانی سروشتیی لە گەرمیان و کێشەکانی

## پێشەکی

مەبەست لە ژیانی سروشتیی، دارستانی سروشتیی و ئاژەڵی کێوییە، کە بەوتەی چالاکوانان دۆخی ئەم دو بەشەی ژیانی سروشتیی لەگەرمیان خراپە.
لەمیانەی ئەم راپۆرتەدا بەشێوەیەکی ورد، لەسەر دۆخی هەریەکە لەو دو بەشە دەوەستین، هاوکات هۆکاری کێشەکان باس دەکەین، دواتر لەسەر کێشەی ئەو لایەنە حکومییە دەوەستین کە بەرپرسە لە پاراستنی ئەم بوارە.

## یەکەم: دارستانە سروشتییەکان

### ١. روبەری دارستانە سروشتییەکانی سنوری گەرمیان

بەڕێوبەری دارستان و پاوانی گەرمیان دەڵێت: لە سنوری گەرمیان بەپێی ئەو داتایەی کە لە ساڵی ٢٠١٥ تۆمارکراوە، ١٣٣ دۆنم زەوی دارستانی سروشتیمان هەیە.
رەشید بەکر، دەڵێت: لە سنوری گەرمیان دارستانی سروشتی بەپێی روپێوی GIS کە ١٠ ساڵ جارێک ئەنجام دەدرێت لە رێگەی مانگە دەستکردەکانەوە ئەنجام ئەدرێت کە لە ساڵی ٢٠١٥ ئەنجام دراوە بەپێی دواین داتای ئەو ساڵە لە سنوری گەرمیان رێژەی سەوزای ١٣٣ هەزار دۆنمە کە لە ٪٨٠ی دەبێتە دارستانی سروشتی و چەمە وەرزییەکان لەسەر روباری سیروان، هاوکات ٥٣١ دۆنم دارستانی دەستکردمان هەیە.

### ٢. لەناوبردنی دارستانەکان

رێکخراوە ژینگەییەکان و چالاکوانانی بواری ژینگە باس لەوە دەکەن بەپێی ئەو دەرچونە مەیدانیانەی کە کردویانە لە ٪٨٠ی دارستانەکانی سنورەکە لەناوچون.
نعمەت ئەحمەد رەشید، ئەندامی رێکخراوی ژینگەپارێزی گەرمیان و بەڕێوبەری گروپی کێودۆستان لە گەرمیان، دەڵێت: وەک داتای دروست لەبەردەست نیە، بەڵام بەپێی زانیاری خۆمان کە چەند ساڵێکە دەرچونی مەیدانیمان کردوە لەسەدا ٪٨٠ی دارستانە سروشتیەکانی کەنار روباری سیروان تیاچون بەهۆکاری مرۆیی.
یەکێک لە رێگاکانی لەناوبردنی دارستانەکان، کارگەکانی چەو و لمن.
سۆران نەریمان، چالاکی ژینگە کە لەگەڵ هاورێکانی دا کەمپینێکیان بۆ هەڵگرتنی کاری کارگەکانی چەو و لم ئەنجامدا، ئاماژەی بەوەکرد ئەو کارگانە دارستانی سروشتی ناوچەکەیان بە تەواوی وێران کرد.
بەپێی وێنەیەک کە وێنەگری بواری سروشت و ژینگە (مەریوان سوبحانی) بڵاویکردوەتەوە، لەماوەی ٢ ساڵی وەستانی کارکردنی کارگەکانی چەو و لم، دارستانی چەمی سیروان بوژاوەتەوە.



یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی بۆ لەناوچونی دارستانە سروشتییەکان ئاماژەی پێدەکرێت، بەکارهێنانی زەوی دارستانەکانە لەلایەن دانیشتوانی گوندەکانەوە بۆ کشتوکاڵکردن.

نیعمەت ئەحمەد، لەوبارەوە ئاماژەی بەوەکرد: دارستانەکانی کەنار روباری سیروان سوتان و لەناوبراون، چ پێشترلە لایەن کارگەکانەوە کە خاکەکەشیان تێکداوە، یان بەهۆکاری داگیرکردنی زەویەکەی لەلایەن دێهاتەکانەوە و بەکارهێنانی بۆ کشتوکاڵ کردن.

هاوکات، لەیلا ئەحمەد، چالاکوانی بواری ژینگە لە گەرمیان دەڵێت: ئەو دارە سروشتی و خۆرسکانەی کەهەبون لەدەشتودەرەکانی ناوچەی گەرمیان لەماوەی چەندین ساڵی رابردو لەلایەن هاوڵاتیان و ئەو کەسانەی بازرگانی بەداری وشک و تەرەوە دەکەن زۆربەی باخ و دارەکانیان لەناو برد، ئەوەشی کە هەبوو لەباخ و سەوزایی بۆ شوێنی نیشتەجێبون لەناو بران.

وتیشی: بەتایبەت لەسنوری گەرمیان دو باخی خۆرسک هەیە یەکێک لەوانە باخەکانی سەر روباری سیروانە کە بەبەردەوامی بەر هێرشی سوتاندن و برینەوە و فرۆشتن بوەتەوە، ئەوەی ماوە دارستانەکانی گۆڕە شەلەیە کە ۸۰۰م پانە و ٤ کیلۆمەتر درێژە بەدرێژایی روباری سیروان، ئەمەش دەبینین رۆژانە دەسوتێنرێت و لەناو دەبرێت.

تەنها لەمساڵدا ۸۰ دۆنم دارستانی سروشتی لە گەرمیان سوتاوە، ئەمەش بەوتەی بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی دارستان و پاوانی گەرمیان.

رەشید بەکر، وتیشی: لە ماوەی ئەمساڵدا ۸۰ دۆنم زەوی بە دارستان سوتێنراون، بەجۆرێک تاوەکو ئێستا کەس دەستگیرنەکراوە و یەکلانەبوەتە کێ ئەو تاوانەی ئەنجامداوە، ئەمە لە کاتێکدایە لە ساڵانی رابردو حاڵەتەکە زۆر کەم بوە کە لە ٪۱۰ی ئەمساڵ ناکات.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی دارستان و پاوانی گەرمیان لە نێوانی ساڵانی ۲۰۲۰ تاوەکو ۷ مانگی ۲۰۲۳ سزای سەرپێچیکاران کە بە سزای مادی یەکلابوەتەوە بەم شێوەیە بوە:

| 2020 | 2021 | 2022 | 7 مانگی 2023 |
|---|---|---|---|
| 4 | 3 | 2 | 5 |

لەلایەکی دیکەوە باس لەوەدەکرێت هەندێک لەو کەسانەی دوکانی برژاندنی ماسییان هەیە، لە پشت سوتاندن و لەناوبردنی دارستانە سروشتییەکانن، بەو هۆیەی دارەکەی بەکاردێنن بۆ برژاندنی ماسی.

شوان محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان وتیشی: قسە زۆر لەسەر ماسی فرۆشەکان هەیە کە دار بەکاردەهێنن، کاتی خۆی زۆر بەدواداچونمان کردوە بۆ ئەو بابەتە و تەنانەت ئیجرائاتیش کراوە، بەڵام ئێستا رێگەیان پێدراوە بەپێی رێنماییەکان و بەشێوەی یاسایی ئەو دارانەیان دەست بکەوێت و بەکاریشی بهێنن.

بەڕێوبەری دارستان و پاوانی گەرمیان باس لەوەدەکات لیژنەی تایبەتیان پێکهێناوە بۆ ئەم پرسە.

رەشید بەکر، دەڵێت: هەر ماسی فرۆشێک ئەو دارەی کە بەکاری دەهێنێت بۆ برژاندنی ماسی بە رێگەی یاسایی دەستی نەکەوتبێت، ئەوە ئەو لیژنەیە دەتوانێت ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر بگرێتە بەر.

وتیشی: تاوەکو ئێستا هیچ حاڵەتێکی وا لە گەرمیان تۆمار نەکراوە کە داری گەرمیان بەکارهێنرابێت بۆ برژاندنی ماسی، چونکە زۆرینەیان بەشێوەی یاسایی دارەکانیان دەست کەوتوە کە بەکاری دەهێنن.

لەکاتێکدا ئەمساڵ و ساڵانی پێشتریش چەندینجار حاڵەتی سوتانی دارستانەکان هەبوە، بەڵام ئەوەی مایەی تێبینییە کە حکومەت تەنانەت روپێوی بۆ روبەری زیانەکان نەکردوە.

رەشید بەکر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی دارستان و پاوانی گەرمیان، وتی: دەبێت ئەو روبەرەی کە سوتێنراوە دەبێت دیاری بکرێت و روپێوی بۆ بکرێت، بەڵام ئەهۆی ئەوەی روپێوی پێویست لەبەردەستدا نیە روبەری سوتاو دیارینەکراوە کە چەندە.

لەلایەکی دیکەوە و بەمەبەستی بەدواداچونی پرسی سوتاندنی دارستانەکان بەتایبەتی لەمساڵ (۲۰۲۳) دا، لیژنەیەک پێکهێنراوە بە سەرۆکایەتی بەڕێوبەری کشتوکاڵی کەلار، بەڵام خودی ئەو بەڕێوبەرە دەڵێت بابەتەکە پەیوەندی بە ئێمەوە نیە!

سامان ئەحمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی کەلار، وتی: ئەم بابەتی سوتاندن و پاراستنی روبارەکە پەیوەندی بە ئێمەوە نیە، تەنها ئەوەنەبێت کە باس لەوەدەکرێت لە رێگەی جوتیارەکانەوە ئەو دارستانە سوتێنراوە، بۆیە بوین بە سەرۆکی لیژنەکەش، چونکە هیچ لایەنێک ئامادەنەبو ئەو بەرپرسیارێتیە هەڵبگرێت، بۆیە رامان گەیاند ئێمە هەڵیدەگرین، ئەگەرنا هیچ پەیوەندیەکی بەئێمەوە نیە.

لەبەرامبەردا ئەو لایەنانەی پەیوەندیان بە روباری سیروان و دارستانەکەیەوە هەیە، ئەندامی ئەو لیژنەیە نین، لە نمونەی فەرمانگەی ژینگە و بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزار.

دورەید سەلیم، بەڕێوبەری فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان باس لەوە دەکات: «ئێمە وەک ژینگە لە نێو ئەو لیژنەیەدا نین کە بۆ سوتاندنی دارستانەکەی سەر روباری سیروان پێکهێنراوە، ئاگاشم لێی نیە».

هاوکات، هێرش فەیزوڵڵا، بەڕێوبەری گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان، دەڵێت: بۆ هەر پرۆژەیەکی گەشتیاری یان سوتاندنی ئەو دارستانە یاخود زیادەڕەویی کردنە سەر روبارەکە و هاوکات کارکردنی کانەکانی چەو و لم لەسەر روبارەکە قسەمان هەبوە، بەڵام وەک ئەو لیژنەیەی کە باس دەکرێت هیچ کەسێک پەیوەندی بە ئێمەوە نەکردوە و لە نێوی دا نین.

## ٠٣ رۆڵی حکومەت لە پاراستنی دارستانەکانی گەرمیان

چالاکوانێکی بواری ژینگە رۆڵی حکومەت بەلاواز دەبینێت لە پاراستنی دارستانە سروشتیەکانی گەرمیان، جەخت لەوەدەکاتەوە ئەو سوتان و کاولکارییەی کە دەکرێت لەسەر روبارەکە بە مەبەستە.

سۆران نەریمان، چالاکوانی بواری ژینگە لە گەرمیان وتی: رۆڵی حکومەت لە پاراستنی دارستانەکانی سەر روباری سیروان کە تاکە دارستانی سروشتیە لە سنورەکەدا وەکپێویست نەبوە، لەکاتێکدا ئەو ناوچەیە وەک کارگەیەکی ئۆکسجینە بۆ ناوچەکە لە سالانی رابردو بە هەمو جۆرەکانی کاولکردن و سوتاندن و برینەوەی دار و هەڵکێشانی دار لە رێگەی کانەکانی چەو و لم و هاوڵاتیانەوە کراوە کە من ناوی دەنێم ئەنفالی ژینگە لە ناوچەکە لەبەر خاتری بەرژەوەندی هەندێک کەس.

وتیشی: دوای هەوڵ و ماندوبونێکی زۆر توانیمان فشاری مەدەنی دروست بکەین دوای ئەوە لە رێگەی ئیدارەی گەرمیانەوە وەک لایەنی حکومی کۆبونەوی هاوبەش کرا کانەکان راگیرا بۆ ماوەی ٢ ساڵ، لە ئێستاشدا دارستانی سەر روبارەکە بوژاونەتەوە و سروشتێکی جوانی بەخشیوەتەوە بە سیروان و رێژەیەکی زۆری نەمام و دار سەوزبونەتەوە.

جەختی لەوەشکردەوە: ئەوەی جێگەی داخ بو ژمارەیەکی زۆر ئاگر لەسەر روبارەکە کەوتەوە لە ماوەی رابردو کە پێمان وایە بەمەبەست کراوە، دارەکانی سوتێنراوە هەندێک خەڵک بۆ بەکارهێنان یان فرۆشتنی دارەکان ئەوەیان کردوە یان بۆ مەبەستی کشتوکاڵکردن کراوە، بۆیە کەمپینێکی ترمان راگەیاند بەناوی پاراستنی دراستانەکانی روباری سیروان داوامان لە لایەنی پەیوەندیدار کرد کە ئەو دارستانە بپارێزن، بەڵام تاوەکو ئێستا زۆر بەدەمی داواکەمان نەهاتوەن.

ئەیاد محەمەد، چالاکوانی ژینگەیی لە گەرمیان، باس لەوە دەکات: ئەوەی هەیە لە گەرمیان رێکخراوە نیە و یاساش وەکپێویست کاری پێناکرێت.

سەریاس ئیبراهیم، چالاکوانی بواری ژینگە لە گەرمیان، وتی: لێپرسینەوەکان بەپێی ئەو دەستدرێژیانە نیە کە دەبینین رۆژانە دەکرێتە سەر ژینگە و سروشتی ناوچەکە، ئەمەش نیگەرانی لای ئێمە دروستکردوە، بۆیە گرنگە دەستدرێژیکاران بەپێی ئەو یاسا بەرکارانەی هەیە لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت، بڕوامان وایە یاساکان بەشێوەیەکی باش جێبەجێ ناکرێت.

بەهەمان شێوە رێکخراوێکی ژینگەییش جەخت لەوەدەکاتەوە لە ئەدای فەرمانگە حکومیەکان رازی نین لە پاراستنی دارستانەکانی سنورەکە.

ئازاد ئەحمەد، سەرۆکی رێکخراوی ژینگەدۆستان لە گەرمیان، دەڵێت: پاراستنی دارستانە سروشتیەکان و رۆڵی بەڕێوبەرایەتی دارستان و لە ئەدای فەرمانگەکانی دیکەش ناڕازین، چونکە نەیانتوانیوە کاری خۆیان بکەن چ لە روی پاراستنی دارستانەکان یان چاودێریکردنیان یات پلانیان بۆ پەرەپێدانی زیاتر.

وتیشی: بەڕێوبەرایەتی دارستان کاریان لە نەمامگەکان و دارستان چڕکردوەتەوە، هیچ بیر لەو پاوانانە ناکەنەوە کە چی لێدەکرێت و چۆن دەستدرێژیان دەکرێتە سەر، ئەمە جگە لە دارستانەکان کە دارەکان دەبڕنەوە یان دەیسوتێنن.

چالاکوان، سۆران نەریمان، فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان بەبێ رۆڵ ناودەبات لەبارەی ئەو دەستدرێژیانەی کە دەکرێتە سەر دارستانی روباری سیروان و وتی: رۆڵی ژینگەی گەرمیان وەک دەستەی ژینگەی هەرێمیش دەستەیەکی راوێژکارییە کە رەنگە هێزێکی یاسایی ئەوتۆیان نەبێت بتوانێت لێپرسینەوە بکات.

وتیشی: لەسەر سوتانی دارستانی روباری سیروان، فەرمانگەی ژینگە کەمترین رۆڵیان هەبوە و هیچ شتێکیان نەکردوە، بەڵام وەک لایەنی کارگێڕی نازانم شتێک کرابێت، بە گشتیش یەکێکە لەو لایەنانەی کە زۆرترین بێدەنگی هەبوە لەم بابەتی سوتاندنەی دارستانی روبارەکە.

| ساڵ | ژمارەی سەرپێچیکار | ژمارەی وەسڵ و بری غەرامە | داری براو | ئاژەڵی کێوی ئازادکراو | باڵندەی ئازادکراو | ماسی راوکراو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 2020 | 117 | 7970000 | 4 | 2 | 36 | 49کگم |
| 2021 | 71 | 2300000 | 3 | 5 | 56 | 70کگم |
| 2022 | 110 | 4925000 | 4 | 65 | 12 | 110کگم |
| 6مانگی 2023 | 88 | 330000 | --- | ---- | ---- | ---- |

**ئاماری ٣ ساڵ و نیوی سەرپێچییە تۆمارکراوەکان لە بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان**

لەبەرامبەردا، دورەید سەلیم، بەڕێوبەری فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان باس لەوە دەکات: «ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە وەک ژینگە هەر لایەنێک لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کەئەرکیان پەیوەندی بە ژینگەوە هەیە ئەگەر وەک پێویست ئیجرائات نەکەن لە بونی حاڵەتێکی سەرپێچی ئەوە راپۆرتێک ئامادە دەکەین بۆ ئەو مەبەستە و ئاراستەی سەروی خۆمانی دەکەین.

وتیشی: ئێمە بەشێوەی مەیدانی ناتوانین بچینە شوێنی روداوەکان، بەڵام هەندێک بابەتی دیکە هەیە ئێمە دەبینە لایەنی هاوکاری، بۆنمونە لە رێنمای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٥ کە هەبو هەر کەسێک کە سەرپێچی کردبێت و راوی کردبێت ئەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئیجرائاتمان لەگەڵ دەکرد بە سزای مادیی، ئەگەر سەرپێچییەکەی قورس بوایە ئاراستەی دادگامان دەکرد، دوای ئەوەی لەلایەن پۆلیسی دارستان و ژینگەوە دەستگیردەکرا.

جەختی لەوەشکردەوە: بەڵام ئێستا بەپێی رێنمایی ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٢٢ هەمو بابەتەکانی سەرپێچی دەخرێتە دادگاوە، بەڵام نوێنەری ئێمە لەوێ دەبێت و داکۆکی دەکات، ئەمەش بەپێی یاسا لە مادەی ٤٢ی ساڵی ٢٠٠٨ کەسەکە بەپێی فەرمانی دادوەر سزاکەی لە ١٠٠ هەزارەوە بۆ ١٠٠ ملیۆن دینار دەستپێدەکات، ئەمەش بۆ هەمو ئەو سەرپێچیانەیە کە دەکرێتە سەر ژینگە بەتایبەت راوی نایاسایی.

«رۆڵی ئێمە ئەوەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان پاراستنی دارستانە سروشیەکانە، ئەو تۆمەتبارانەشی کە دەستگیردەکرێن لەلایەن بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیانەوە کە کەیسەکانیان دەگاتە دادگا ئەوکات ئێمە دەتوانین دەست بە رێکارەکانمان بکەین و بەدواداچون بۆ کەیسەکە بکەین لە رێگەی نوێنەرمانەوە لە دادگا». رەشید بەکر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی دارستان و پاوانی گەرمیان وا دەڵێت.

وتیشی: دوای ئەوە دەتوانین بەگوێرەی ئەو رێکارانەی کە لە یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٢دا هاتوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

هاوکات، شوان محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان باس لەوەدەکات: «کە قسەیەک دەکرێت پێویستە بە بەڵگەوە بۆمان بهێنرێت کە ئێمە رۆڵمان نەبوە لە پاراستنی ئاژەڵە کێوییەکان و دارستانەکانیش، بۆیە ئەوە رەت دەکەینەوە کە دەوترێت وەکپێویست رۆڵمان نەبوە«.

دەشڵێت: بەبەردەوامی بەش و بنکەکانمان لە ئەرکدان تەنانەت پۆلیسم لەسەر ئەرکەکەی تەقەی لێکراوە و بریندار کراوە.

«لەسەر راپۆرتی بەشی پۆلیسی دارستانی قەزای کەلار ٣ کەیسمان داوەتە دادگا کە دراستانی روبارەکەیان تێکداوە بە شۆفڵ و حەفارە«. هەردی سەرکەوت، بەرپرسی بەشی راگەیاندنی قایمقامیەتی قەزای کەلار وا دەڵێت.

وتیشی: کەیسەکان لە دادگان و بەپێی یاسا و رێنماییەکان ئەوان یەکلای دەکەنەوە کە سزاکە چی دەبێت.

لەبەرامبەردا، یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان پەیوەندی بە: چۆمان ئەحمەد، بەرپرسی بەشی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی ئیدارەی گەرمیانەوە کرد، بەڵام ناوبراو جەختی لەوەکردەوە: «ئامادەنین لێدوان بدەین».

سۆران نەریمان، چالاکوانی بواری ژینگە لە گەرمیان، وتی: ئیدارەی گەرمیان و قایمقامیەتی کەلار پێویستە بەدەم کێشەکانەوە برۆن و پشتگیری و هاوکاری پۆلیسی دارستان بکەن، هاوکات پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکەن کە پێویستیانە کە رەنگە بەتەنها نەتوانێت ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات و پێویستی بە هاوکاری لایەنەکانی تریش بێت، بۆنمونە بە هاوکارییکردنی لیژنەی ئەمنی (پۆلیسی شارەوانی).

لەبەرامبەردا، هەردی سەرکەوت، بەرپرسی بەشی راگەیاندنی قایمقامیەتی قەزای کەلار، دەڵێت: ئێمە ناتوانین پۆلیسی شارەوانی بنێرینە دەرەوە بۆ پاراستنی دارستانەکان، چونکە ئەرکی ئەوان لەناو شاردایە و هیچ دەسەڵاتێکی ئەوەیان نیە.

لایخۆشیەوە، ئازاد ئەحمەد، سەرۆکی رێکخراوی ژینگەدۆستان لە گەرمیان دەڵێت: پێویستە لەسەر ئاستی حکومەتی خۆجێی گەرمیان ئەنجومەنێک پێکبهێنرێت بۆ پرسی ژینگە و مانگانە کۆبونەوەی خۆی بکات و بەپێی یاسا و رێنماییەکانی دەستەی ژینگە کار لەسەر ئەو گرفتانە بکەن کە لە ئارادان.



## ٤. «کەمتەرخەمیی» بەرپرسان

ڕێکخراوێکی ژینگەیی دەڵێت: هەندێک لە بەرپرسان لە ئاستی ئەو بەرپرسیاریێتەدا نین بەجۆرێک لە جۆرەکان کەمتەرخەمن، بەڕێوبەرانیش ئەوە ڕەت دەکەنەوە.

ئازاد ئەحمەد، سەرۆکی ڕێکخراوی ژینگەدۆستان لە گەرمیان دەڵێت: هەندێک لە بەرپرسەکان لە ئاستی ئەو بەرپرسیاریێتیەدا نین و تاڕادەیەک کەمتەرخەمن، بەجۆرێک ئەوان خەمی پاراستن و چاکردنی ژینگەیان نیە.

لەبەرامبەردا، ڕەشید بەکر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی دارستان و پاوانی گەرمیان دەڵێت: کەمتەرخەم نەبوین لە کارەکانمان ئەوەی کراوە هەرکەسێک ئەو تۆمەتە ئەبەخشێتەوە لە جێگەی ئێمە بێت لە ئێمە زیاتری پێناکرێت، چونکە ئەگەر کەسێک تۆمەتبارنەبێت ناتوانیت لە خۆتەوە تاوانباری بکەی، ئەرکی ئێمەش لە دوای دەستگیرکردن و ساخ بونەوەی تاوانەکەوە دەست پێدەکات، تەنانەت ناتوانین هیچ ڕێکارێک بگرینە بەر بەرامبەر بەرامبەر کەسێک کە تاوانبار نەبێت، یاساش وردە و ناتوانین لە خۆتەوە کەسێک تاوانبار بکەیت.

هاوکات، شوان محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان باس لەوەدەکات: کە قسەیەک دەکرێت پێویستە بە بەڵگەوە بۆمان بهێنرێت کە ئێمە ڕۆڵمان نەبوە لە پاراستنی ژەڵەکێوییەکان و دارستانەکانیش، بۆیە ئەوە ڕەت دەکەینەوە کە دەوترێت وەک پێویست ڕۆڵمان نەبوە».

دەشڵێت: بەبەردەوامی بەش و بنکەکانمان لە ئەرکدان تەنانەت ڕاوچی هەبوە تەقەی لە پۆلیسم کردوە و بریندارابوە.

لایخۆشیەوە، دورەید سەلیم، بەڕێوبەری فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان باس لەوە دەکات: «ئێمە وەک خۆمان کەمتەرخەم نەبوین، بەڵکو ئەوەی هەیە لە هەیکەلییەی حکومەتدا بەوشێوەیە کە هەر فەرمانگەیەک پێوەندی بە کاری خۆی هەیە، بۆ نمونە: بەڕێوبەرایەتی دارستان و پاوان ئەرکیان چاودێریکردنی دارستانەکانە، هاوکات بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان ئەرکیان پاراستنی ژینگەیە لە سەرپێچیەکان، ئەرکی ئێمەش ئەوەیە بەرپرسیارین لە هەمو کەیسە ژینگەییەکان لە ڕوی چاودێرییەوە، کاری خۆمان کردوە لە مانگی ٥ ئەمساڵدا بە ٢-٣ ڕاپۆرتی ورد لەسەر دەشتاییەکانی گەرمیان و ناوچە شاخاوییەکانی خۆشک و زمناکۆ و بەمۆ و چیا ڕەزا، هەمو کەموکورتی و هۆکارەکانی سوتانمان خستوەتە ڕو و ئاراستەی سەروی خۆمان کردوە».

لەبەرامبەردا، ئازاد ئەحمەد، پێوایە «دەکرێت ئەو پۆستانەی لە گەرمیان هەن و پەیوەندیان بە ژینگەوە هەیە، ئەو کەسانەی تێدا دابنرێن کە دڵسۆزی بواری ژینگەن و وردترن لە بوارەکەدا و حەز بە سروشتن، بۆ ئەوەی بتوانن بوارەکە ببەنە پێشەوە».

## ٥. نەبون و لاوازیی سزا بۆ سەرپێچیکاران

سۆران نەریمان، چالاکوانی بواری ژینگە لە گەرمیان، دەڵێت: ئەوەی تاوەکو ئێستا کە هەیە لە لێدوانەکانی خۆیان گوێبیستی ئەوە ئەبین کە خەڵکیان دەستگیر کردوە، هەندێکجار بەڵگەش لەسەریان هەبوە بە شۆفڵ دارستانیان بریوە و تێکیان داوە کە گیراون، هاوکات دارستانەکانیان سوتاندوە، بۆیە ڕەنگە هەندێکیان درابێتن بە دادگا هەندێکیان نەدرابێتن.

وتیشی: ئێمە دیسانەوە ڕەخنە لە دادگاکانیش دەگرین کە نەتوانراوە وەک پێویست سزای تاوانباران بدرێت، سزاش درابێت سزایەکی مادی کەم بوە کە نەتوانراوە ببێت بە هۆکارێک خەڵک بسڵەمێتەوە و کاریگەری نەبوە و ڕێگر نەبوە ئەو تاوانانە ئەنجام بدەن، بۆیە داوا لە دادگاکان دەکەین کە بەپێی یاسا بەرکارەکان کەیسێکی لەو بابەتە هەبو ئیجاراتی توند بکرێت، چونکە ژینگە مەسەلەی ژیانە.

هێمای بۆئەوەشکرد: یاساکە هەیە کێشەکە ئەوەیە کە تۆمەتبار دەستگیردەکرێت لە ڕێگەی ژینگەی گەرمیان و دارستان و پاوانەوە کە ڕادەستی داگا دەکرێت دادگاش لیژنە پێک دەهێنێت بۆ خەملاندنی زیانەکان، ئەو خەملاندنەی کە بۆ سوتاندنی دارێک دەکرێت زۆر کەمە سزایەکەی هێندە تۆکمە و گەورە نیە خەڵک بترسێنێت و سڵی لێبکاتەوە، سزاکەش ڕەنگە لە ٥٠ بۆ ١٠٠ هەزارێک بێت و دواتر ئازاد بکرێت، بۆیە پێویستە بەگوێرەی تەمەنی دارەکان خەملاندن بکرێت و زانستیانە سزا بدرێن.

«ئەو سزادانەی کە هەیە بۆ سەرپێچیکاران هەندێکجار بەپێبژاردنێکی مادی کەم تێدەپەڕێت، ئەوەش پێویستە لایەنی پەیوەندیدار بە فەرمانگەی ژینگە و دارستان و پاوان و پۆلیسی دارستان و گەشتوگوزار و کشتوکاڵ، لەڕێگەی پەرلەمانەوە داوای هەموارکردنەوەی یاسای تایبەتمەند بکەن بۆ زیادکردنی سزای توند و قورس بۆئەو کەسانەی کە دەبنە زیان بۆسەر ژینگەو سروشت». سەریاس ئیبراهیم، چالاکوانی بواری ژینگە لە گەرمیان هێما بۆ ئەوەدەکات.

لەیلا ئەحمەد، چالاکوانی بواری ژینگە لە گەرمیان دەڵێت: ڕۆژانە و بەردەوام ئەوە ڕادەگەیەنرێت کە ئیجرائات بەرامبەر بەو کەسانە گیراوەتە بەر کە سەرپێچییان کردوە چ بۆ سوتاندن و لەناوبردنی دارستانەکان یان ڕاوکردنی ئاژەڵە کێوییەکان، بەڵام ئەوەندە ئیجرائاتەکان سارد و کەمن تا ئێستا نەیتوانیوە ببێت بە قەڵغانێک بۆ پاراستنی سروشت و ئاژەڵەکان.

وتیشی: زۆرترین دار دەبڕێتەوە و دارستان دەسوتێنرێت تائێستاش بەزۆری دەڵێن لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە تاوانەکە کراوە، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی دۆخەکە مەترسیدارە.

بەهەمان شێوە، ئازاد ئەحمەد، سەرۆکی ڕێکخراوی ژینگەدۆستان لە گەرمیان دەڵێت: فەرمانگە حکومیەکان هەوڵیان نەداوە کارێک بکەن سزایەکی توند بەرامبەر ئەوانە بگیرێتە بەر کە پێچەوانەی ڕێنماییەکانی ژینگە تاوانێک دەکەن، پێویستە کەسێک کە دەستگیردەکرێت بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان سزایەکی توندی بۆ دابنرێت بۆئەوەی نەتوانرێت جارێکی دیکە تاوانی ژینگەیی ئەنجام بدەن.

جەختی لەوەشکردەوە: ئەمە وایکردوە ئەوان تەنها ڕۆڵی چاودێرێک ببینن، تەنانەت نەیانتوانیوە ئامارێکی ورد هەبێت ساڵانە لەسەر ئەو زیانانەی کە بەر ژینگە و دارستانەکان کەوتون یاخود ڕێژەکە زیادی کردوە یان نا و چی لەدەست دراوە، کە ئەمە بۆ فەرمانگەی ژینگەش هەر ڕاستە.

له بەرامبەردا، شـوان محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان باس لەوەدەکات: بەپێی ئەو یاسا و ڕێنماییانەی کە بەردەسـتن، ئیجرائاتمان کردوە ئێمە، لە کاتێکدا ئەرکـی ئێمە تەنها دەسـتگیرکردنە و دادگاکان یەکلای دەکاتەوە کە سزاکەی چیە بەپێی یاسا بەرکارەکان.
وتیشـی: لە ٦ مانگی یەکەمی ئەمسـاڵدا لـە گەرمیان ٧٥ کەس دەستگیرکراون.
جەختی لەوەشکردەوە: هەندێکجار سەرپێچیەکە بەوشێوەیە نەبوە بدرێتـە دادگا لە نێوان یەکـە ئیدارییەکان یەکلا کراوەتەوە، بەڵام زۆرینەی کەیسـەکان لە دادگایە و ئەوان بڕیار دەدەن، ئەگەرچی زۆرجـار گلەیـی ئەوەمان کردوە لە کۆبونەوەکانمان کە پێویسـتە ئیجرائاتەکان توند بن بۆ ئەوەی سەرپێچیەکان کەم ببێتەوە.
لە بەرامبەردا، ڕەشـید بەکر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی دارسـتان و پاوانی گەرمیان، دەڵێت: «بەپێی یاسـای ژمارە ١٠ـی سـاڵی ٢٠١٢ ئەو تۆمەتبارەی کە تۆمەتەکەی بەسەردا ساخ دەبێتەوە لە ڕێگەی دادگاوە سـزاکەی دیاری دەکرێـت، ئەویش بە پێبژاردن و سـزای بەندکردنە بەگوێرەی ئەو تاوانەی ئەنجامی داوە سـزاکەی دیاری دەکرێت».
باسـی لەوەشـکرد: لە یاساکەدا سـزای پێبژاردنەکان جیاوازە لە دارێکـەوە بـۆ دارێکـی کە یان لـە تەمەنی دارێکـەوە بۆ تەمەنی دانەیەکـی کە، بۆنمو لە ٢ هەزار دینارەوە بۆ هەر دارێک دەسـت پێدەکات تاوەکو ٣٥٠ بۆ ٤٠٠ هەزار دینار، هاوکات ئەو دارانەی کە سزاکەی ئەگاتە ٤٠٠ هەزار دینار ئەو دارەیە کە تەمەنی بگاتە ٣٥ سـاڵ، جگە لەو پارەی کە بۆی دانراوە بۆ هەر سـاڵێکی تەمەنی دارەکـە بڕی ١٠ هەزار دینـاری دیکەی لێوەردەگیرێت، ئەمەش لە سەروی ئەو سزایەیی کە بۆی دیاری کراوە.
دەشـڵێت: سـزایەکی دیکەشـمان هەیە کە هەر کەسێک ٤٠٠ دار بە سـەرەوە لەناو ببات، ئەوە دەبێت پارکێکی دەسـتکرد دروست بکات و خزمەتی بکات بۆ ماوەی چەند ساڵێک، لەگەڵ ئەوەشدا کەیسـی لەم شـێوەیەمان نەبـوە، ئەوەی هەبوە لە سـاڵی ٢٠٢٠ سـەروی ١٥٠ دار لەلایەن یەکێک لە کارگەکانەوە لەناوبرا و سزای پێبژاردنەکەشی گەیشتە ٢ ملیۆن و ٥٤٣ هەزار دینار، ئەمە جگە لەوەی سزای بەندکردنیش دیارییکراوە بەپێی یاساکە.
چالاکوانێـک باس لەوەدەکات: ڕاسـتە ئیجرائات کـراوە، بەڵام لە تموحی ئەواندا نیە.
ئەیـاد محەمـەد، وتیشـی: ناڵێم یاسـا جێبەجێ نەکـراوە، بەڵام وەکپێویسـت نیە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بـۆ نەبونی چاودێرییەکی ورد و دەستگیرکردنی کەسانی سەرپێچیکار.

## ٦. نەبونی بنکە بۆ پاراستنی دارستانەکان

چالاکوانـان و ڕێکخـراوە ژینگەییـەکان پێیان وایە لەسـەر ڕوباری سیروان ئەگەر بنکەیەکی تایبەت بکرێتەوە بۆ پاراستنی دارستانی ڕوبارەکە ئەوە ئەوە مەترسیەکان زۆر کەمتر دەبنەوە.
ئەیاد محەمەد، چالاکوانی ژینگەیی لە گەرمیان باس لەوە دەکات: ئێمە داوامان کردوە لەسـەر ڕوباری سـیروان بنکەیەک بکرێتەوە بەمەبەسـتی زیاتر پاراسـتنی سروشـتی ڕوبارەکە، بەڵام تاوەکو ئێستا بەشێوەی فەرمی وەڵامـان وەرنەگرتوە، چونکە دانانی بنکە ئەرکی پۆلیسی دارستانە، بەڵام ئەوەی بیستومانە و پێمان وتراوە لێـرە گرفتی نەبوونی پۆلیس و بەنزین و ئۆتۆمبێلیان هەیە واتە پێویستیان بە بودجەیە.
بەهەمان شێوە، ئازاد ئەحمەد، سەرۆکی ڕێکخراوی ژینگەدۆستان لە گەرمیان دەڵێت: کردنەوەی بنکەیەک لەسـەر ڕۆخی ڕوبارەکە گرنگە، چونکە دەبێتە پارێزەری ئەو دارسـتانەی کە لەوێ هەیە، ئەمە جگە لەوەی ئاژەڵە کێوییەکانیش پارێزراو دەبن.
لە بەرامبەردا، شـوان محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارسـتان و ژینگەی گەرمیان باس لەوەدەکات: ئێمە دو بنکەمان هەیە یەکێکیان لە باوەنورە ئەوی تریان لە کولەجۆیە هەردوکیان حسـابکە لەسەر ڕوباری سـیروانن، لەگەڵ ئەوەشـدا پێمانخۆشە نـەک ١ بنکە، بەڵکو ٥ بنکە بکەینەوە بۆ پاراسـتی ئاژەڵەکان و دارستانەکان، بەڵام کردنەوەی بنکە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نیە و لە دەسـەڵاتی وەزارەتی ناوخۆیە، ئەمە جگە لەوەی کە ئیمکانیات و ستافی پێویستە«.
سـەریاس ئیبراهیم، چالاکوانی بـواری ژینگە لە گەرمیان هێما بۆ ئەوەدەکات: بەپێی زانیاریەکان چەندین بنکەی پۆلیس و دارستان لەسـنوری گەرمیانـدا هەیـە لە جێگەی وا بنکـە هەیە ڕەنگە زۆر پێویسـت نەبێت، ئەتوانن لەو بنکانە پۆلیس بکشێننەوە، هاوکات دانانی بنکەش بۆ پاراسـتنی ژینگەی سـیروان زۆر تێچوی نیە و کاریگەری گەورەی دەبێت.
بـەڵام شـوان محەمەد پێیوایە لە بری بنکـە، دەکرێت بە ئامێری درۆن (فڕۆکەی بچوکی چاودێریی و وێنەگرتن) ئەو کارە بکەن.
وتیشـی: لـە بـری بنکە ئێمـە دەکرێت ٥ بـۆ ٦ درۆنمان هەبێت بەبەردەوامی چاودێری سـنوری ڕوباری سـیروان و ئەو شـوێنانە بکات کە ئاژەڵی کێوی تێدایە.
سۆران نەریمان، چالاکوانی بواری ژینگە لە گەرمیان پێیوایە ئەگەر بنکەیەک لەسـەر ڕوباری سیروان دابنرێت کە پۆلیسی دارستان و ئاسـایش و بەرگری شارستانی لەوێ ئامادەبن، ئەوا دەتوانن هەم تاوانباران دەسـتگیربکەن، هەم ئەو ئاگرانەش کۆنترۆڵ بکەن کە دەکەوێتەوە.
لەبەرامبەردا، شـوان محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارسـتان و ژینگەی گەرمیان، جەختی کـردەوە: بۆ حاڵەتەکانی ئاگرکەوتنـەوە چارەسـەر بنکە نیە، بەڵکو کەرەسـتەیە، ئەویش کەرەستەی ئاگرکوژێنەوەیە، کە داوای ٥٠ دانە کەرەستەی کۆڵمان کردوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکان کە دەکەوێتەوە لەسـەر ڕوباری سیروان، بۆیە ئێمەش چاوەڕوانین بزانم چیمان بۆ دەکرێت.
سۆران نەریمان، چالاکوانی بواری ژینگە لە گەرمیان وتی: بابەتی نەبونی پێداویستی و گرفتی کارمەند و نەبونی بەنزین و ئۆتۆمبێل لە بەڕێوبەرایەتی پۆلیسـی دارسـتان و ژینگەی گەرمیان هەموی پاسـاوە پاسـاوێکی لاوازیشـە، چونکە ناکرێت بەڕێوبەرایەتیەک لە سـاڵی ٢٠٠٠ـەوە دامەزرابێت بەڕێوبەرکەی زیاتر لە ١٠ سـاڵە بەڕێوبەر نەتوانێت ئەو پێداویستیانەی کە پێویستن دابینی بکات.
جەختی لەوەشـکردەوە:چاودێری چڕ نیە بۆ پاراسـتنی دارستانە سروشتیەکان، بەڕێوبەراتیش دەیگەڕێنێتەوە بۆ نەبونی ئیمکانیەت کە شتێکی زۆر سادەیە و ئەتوانن دابینی بکەن.

## ٠٧ چی بکرێت؟

چالاکوانی بواری ژینگە توندکردنەوەی ڕێنمایی و یاساکان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاک و کردنەوەی بنکەی زیاتر لە ناوچەکە بەچارەسەر دەزانن لەبەرامبەر ئەو دەستدرێژیانەی کە دەکرێتە سەر دارستانەکان و ئاژەڵە کێوییەکان.
لەیلا ئەحمەد، چالاکوانی بواری ژینگە لە گەرمیان دەڵێت: پێویستە یاسا توندتر بکرێتەوە و سزای مادی و بەندکردن زیاتر بکرێت ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکە پێویستە ئاستی هۆشیاری و پەروەردەیی ژینگەیی لەلای هاوڵاتیان بەرز بکرێتەوە.
وتیشی: لە هەمانکاتدا پێویستە پولیسی دارستان چاودێرییەکانیان چڕتر بکەنەوە و بنکەی زیاتریان هەبێت لەو شوێنانەی کە دارستانن، بۆ ئەوەی باخ و سەوزاییەکان لە سوتاندن و بڕینەوە بپارێزن.
هاوکات، سەریاس ئیبراهیم، چالاکوانی بواری ژینگە لە گەرمیان هێما بۆ ئەوەدەکات: ژینگەی ڕوباری سیروان دارستانێکی سروشتی گەورەیە کە هیچ تێچویەکی بۆ حکومەت نیە و سروشتیە تەنها چاودێرییەکی وردی دەوێت و هیچیتر، ژینگەی سیروان کارگەیەکی گەورەی بەرهەم هێنانی ئۆکسجینە و کاریگەری گەورەی لەسەر کەشوهەوای گەرمیان هەیە، بۆیە پێویستە کار لەسەر ئەوە بکرێت ئەو دارستانە بهێڵرێتەوە و ڕێکاری توندی بۆ بگیرێتە بەر لەلایەن حکومەتەوە.



## دوەم: ئاژەڵە کێوییەکان

## ٠١ دۆخی ئاژەڵە کێوییەکان

ڕێکخراوە ژینگەییەکان و چالاکوانانی بواری ژینگە جەخت لەوەدەکەنەوەدۆخی ئاژەڵە کێوییەکان لەسنوری گەرمیان لە مەترسیدایە، وەک خۆیان دەڵێن: بە ڕێژەی لە ٪٨٠ی ئاژەڵەکان لەناوچون.
بەڕێوبەری پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان، باس لەوەدەکات هیچ ئامارێک لەبەردەستدا نیە کە دەربیخات ژمارە و ڕێژەی ئاژەڵی کێوی لە سنورەکەدا چەندە.
نعمەت ئەحمەد ڕەشید، ئەندامی ڕێکخراوی ژینگە پارێزی گەرمیان و بەڕێوبەری گروپی کێودۆستان لە گەرمیان دەڵێت: دۆخی ئاژەڵە کێویەکان ڕۆژ بەڕۆژ مەترسی لەناوچونیان زیاتر دەبێت بە هۆکاری سروشتی و مرۆیی، وەک لەناوچونی ژینگەی ئاژەڵە کێویەکان لە وشکە ساڵی و شکبونەوەی سەرچاوە ئاویەکان لە گەرمیان بە تایبەت لەم چەند ساڵەی دوایی، هەروەها سوتاندن و فەوتاندنی دارستانەکانی کەنار ڕوباری سیروان.
جەختی لەوەشکردەوە: لەماوەی ٣٠ساڵی ڕابردو گیانداری کێوی کەمی کردوە بەهۆی نەبونی چاودێری و پاراستنیان، ئەو ئاسکانەی کە لەم دیوی سیروان تاکو دەگاتە سەرقەڵا و دەوروبەری کفری و سەنگاو ٪٨٥ زیاتر لەناوچون، هاوکات لەوبەری سیروان ناوچەی قۆرەتو تاکو دەگاتە سنوری خانەقین نزیکەی ٪٧٠ی ئاسکەکان لەناوچون، ئەمەش بەپێی داتای ڕێکخراوی ژینگە پارێزی گەرمیان.
بەگشتیش چالاکوانان ٣ خاڵ بە هۆکاری سەرەکیی دەزانن بۆ لەناوچون و کەمبونەوەی ئاژەڵە سروشتییەکان، کە ئەمانەن:

**ا. لەناوچونی دارستانەکان**

چالاکوانانی بواری ژینگە و بەرپرسانی حکومی لە گەرمیان کۆکن لەسەر ئەوەی لەناوچونی دارستانە سروشتیەکان لە سنورەکەدا هۆکارە بۆ کەمبوەنەوە و لەناوچونی ئاژەڵە کێوییەکان.

نەجیب عومەر، ئەندامی گروپی کێودۆستان لە گەرمیان وتی: روباری سیروان و ناوچەی گەرمیان بە رێرەوی ئەو باڵندە کێوییانە دادەنرێت کە لە باشورەوە کۆچ دەکەن بۆ باکور و بە پێچەوانەشەوە، کە بۆ پشودان ماوەیەکی زۆر دەمێننەوە، بۆیە سوتاندنی دارستانەکان کاریگەری راستەوخۆی هەیە بۆ کۆچکردن و کەمبونەوەی زۆرێک لە باڵندەو گیانداری کێوی.

هاوکات، رەشید بەکر، بەرێوبەری بەرێوبەرایەتی دارستان و پاوانی گەرمیان باس لەوە دەکات: سوتاندنی دارستانە سروشتیەکان کاریگەری هەبوە لەسەر ئاژەڵەکێوییەکان و باڵندەکان، بەجۆرێک بەشێکیان لە ناوچون و کەم بونەتەوە یان بێچوەکانیان لە ناوچون یاخود هێلانەکانیان لەناوبراون.

لەیلا ئەحمەد، دەڵێت: ئەگەر بێت و بەراوردێک بکەین بۆ ئاژەڵەکانی سەر زەوی و ناو ئاو لەگەرمیان دەبینین ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵ و جۆری ئاژەڵەکان کە کاتی خۆی لەناوچەی گەرمیان ژیاون و بونیان هەبوە، لەئێستادا نەماون و لەناو چون بەهۆی کردەوەی مرۆڤ و گۆڕانی کەشوهەواوە.

باسی لەوەشکرد: بۆنمونە روباری سیروان کە لەساڵانی هەشتاکان ژمارەیەکی زۆر و جۆرەها زیندەوەری تێدا بووە بەهۆی راوکەرانی ماسی کەجۆرەها مادەی کوشتندە بەکاردەهێنرێت ئێستا نەماون، سەباری ئەوەی ئەو ژمارە زۆرەی ئاژەڵەکان کەدەسوتێنرێن لەکاتی سوتاندنی باخەکاندا لەگەرمیان.

لایخۆشیەوە، شوان محەمەد، بەرێوبەری بەرێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان باس لەوە دەکات: بەهۆی سوتاندنی دارستانە سروشتیەکانەوە ئاژەڵی کێوی کەمبوەتەوە، بەڵام بەو رێژە زۆرە نیە و رێژەکە زۆر کەم نەبوەتەوە، هاوکات ناوچەکەش سەر سنورییە و راستەوخۆ ئەگەر ئاگرێک بکەوێتەوە رەنگە شوێنەکە بەجێبهێڵن.

وتیشی: ئەمساڵیش ئاگر کەم بوە لە گەرمیان لە چاو ساڵانی پێشتر، ئەوەی هەبوە تەنها دارستانی سروشتی قولەبەرز و سەر سیروان بوە، کە بەشێک لە بکەرانیشی دەستگیرکراون کە هەندێک کەس بون.

**ب. وشکەساڵی و گۆڕانی کەشوهەوا**

«بەحوکمی ئەوەی ئێمە مانگانە لە دەرەوین و بە دواداچوون دەکەین، لە ساڵانی رابردوودا وشکە ساڵی کاریگەری راستەوخۆی هەبو لە نەمان و کۆچکردنی چەندین باڵندەو گیانداری کێوی».

نەجیب عومەر، ئەندامی گروپی کێودۆستان لە گەرمیان، وای وت.

وتیشی: هەروەها خراپی دۆخی ژینگە و زۆربونی ئۆتۆمبیل و کارگەکان و ژمارەی دانیشتوان، ئەمانەش کاریگەری خۆیان هەبوە لە کۆچکردن و نەمانی زۆریک لە باڵندەکان وەکو قاز و لەق لەق و پەرەسێلکە و ریشۆڵە.

لە بەرامبەردا، شوان محەمەد، بەرێوبەری بەرێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان باس لەوە دەکات: کەشوهەوا و وشکەساڵی کاریگەریی هەبو لەسەر ئاژەڵە کێوییەکان بەتایبەت لە روی تینیوێتیەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش کۆمەڵێک خەڵکی باش خەمیان خواردوە و ئاویان دابین کردوە لە زۆربەی شوێنەکان بۆ ئەو ئاژەڵانە، ئەمەش وایکرد تا رادەیەک مەترسی دوربخەنەوە.

**ت. راوکردن**

راوکردن لەو هۆکارە سەرەکیانەیە کە وایکردوە رێژەی ئاژەڵی کێوی لە سنورەکەدا کەم بکات.

نەجیب عومەر، ئەندامی گروپی کێودۆستان لە گەرمیان، وتی: نەبونی ئیجرائاتی توند هۆکارە بۆ راوکردنی ئاژەڵە کێوییەکان بۆیە زیادیشی کردوە، ئەمە جگە لەوەی کە زۆربەی ئەوانەی راودەکەن کوڕی بەرپرس و پلەدارە سەربازییەکانن، چونکە چەندین جۆری چەکی بێ دەنگ و گرانبەها راوکردنیان پێیە.

باسی لەوەشکرد: هەندێک مرۆڤی ئاساییش حەزیان لە خواردنی گۆشتی هەندێک باڵندەو گیانداری کێوییە، بۆیە دەستیان داوەتە راوکردن.

لایخۆشیەوە، شوان محەمەد، بەرێوبەری بەرێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان، باس لەوە دەکات: یەکێک لە هۆکارەکانی راوکردن ئەوەیە هەر شتێک کە قەدەغە کرا مەرغوب ئەبێت، یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان شێوازی ئیجرائاتەکانە کە وەک پێویست نەبوە و لاواز بوە، ئەمانە وایکردوە راوکردن زۆربێت.

وتیشی: لە ئێستادا وەزعەکەمان تۆزێک بەرەو باشی ئەڕوات و ئاژەڵی کێوی زۆربوە لە هەندێک شوێن، چونکە چاودێریمان چڕکردوەتەوە بە ناردنی پۆلیسی دیکە بۆ پاراستنیان و ئۆتۆمبێلی باشتریان بۆ دابین کراوە، بەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین راوکردنمان قەدەغە کردوە.

بۆ بەڵگەی ئەم قسەیەش ئەوەی وت: « شوێنی وامان هەبوە کە بینیومانە ژمارەی ئاژەڵی کێوی ئەوەندە زۆر بون وەک رانە مەڕ وابون».

نعمەت ئەحمەد رەشید، ئەندامی رێکخراوی ژینگە پارێزی گەرمیان و بەرێوبەری گروپی کێودۆستان لە گەرمیان دەڵێت: راوکردن لەهەندێک ناوچە بوەتە هۆکاری لەناوچونی چەندین جۆر لەئاژەڵەکان، نمونەی: ئاسکی گەرمیانی بەهۆی فراوانی ناوچەکە و کەمی ئیمکاناتی پۆلیسی دارستان وەک لەهەندێ ناچەی تر کە مەترسی لەناوچونی لەسەرە بەتەواوەتی بەو هۆکارانەی باسم کرد، چونکە تەنها لەگەرمیان بونی هەیە ئەو ئاسکانە.




ژمارەیەک گەنج گۆلی ئاو بۆ ئاژەڵە کێوییەکانی گەرمیان دروست دەکەن

## ٢. حکومەت هۆکاری خراپی دۆخی ئاژەڵانی کێوییە

نەجیب عومەر، ئەندامی گروپی کێودۆستان لە گەرمیان وتی: «راوکردن لە حاڵەتەوە بوە بە دیاردە لە ئێستادا، بەجۆرێک رۆژانە بەبەرچاومانەوە بە ئۆتۆمبیلی گرانبەها و چەکی بێدەنگ تەقە لە ئاسک و گیانداری کێوی دەکرێت! حکومەتیش ئیجرائاتەکانیان زۆر لاوازە».

بەرێوبەری گروپی کێودۆستان لە گەرمیان، ئاماژە بە خراپی دۆخی بەرێوبەرایەتی پۆلیسی داستان و ژینگەی گەرمیان دەکات و بەنمونەیەک دەیزانێت بۆ خراپی مامەڵەی حکومەت لەگەڵ ئەم دۆسیەیەدا.

نعمەت ئەحمەد رەشید، ئەندامی رێکخراوی ژینگەپارێزی گەرمیان و بەرێوبەری گروپی کێودۆستان لە گەرمیان، دەڵێت: بەرێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان دامەزرا بۆ پاراستنی ژینگە، کەچی ئمکاناتیان لەبەردەست نیە وەک ئۆتۆمبیلی نوێ و سوتەمەنی بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانیان.

جەختی لەوەشکردەوە: دۆخەکە بەجۆرێکە رۆژانە لەکاتی راوەدونانی راوچیەکان پەکیان دەکەوێت، بۆیە ناچار واز لە راوچیەکە بێنن یان بەپێ دوایان کەون کە لەم ماوەیە لەقۆرەتو ئەو بابەتە رویداوە بەپێ راوچیەکان دەستگیردەکەن.

لەبەرامبەردا، شوان محەمەد، بەرێوبەری بەرێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان باس لەوەدەکات: کۆنترۆڵکردن و پاراستنی ئاژەڵە کێوییەکان قورسن بەم ئیمکانیاتەی کە هەمانە لە ئێستادا و بێکەموکورتی نین، لەگەڵ ئەوەشدا کاری خۆمان کردوە و بەردەوامبوین لە پاراستنیان».

جەختی لەوەشکردەوە: لە کاتی دەستگیرکردنی راوچیەکاندا پۆلیسمان تەقەی لێکراوە و بریندار بوە.

کێودۆستێک باس لەوەدەکات: لەبەرامبەر زۆری راوکردنی ئاژەڵەکێوییەکان لە سنوری گەرمیان پاساوی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی داراییە، لە کاتێکدا بودجە بۆ زۆر شتی دیکە هەیە بەکاردەهێنرێت.

نعمەت ئەحمەد رەشید، ئەندامی رێکخراوی ژینگە پارێزی گەرمیان و بەرێوبەری گروپی کێودۆستان لە گەرمیان دەڵێت: هەمیشە پاساوی حکومەت کێشەی داراییە لە بون هەر گرفتێک کە دێتە پێشەوە و قسەی لەسەر دەکرێت، بەڵام بۆ هەندێک شت و شوێن هەموشتێک فەراهەمە، کەچی بۆ پرسی پاراستنی ژینگە گرفتی دارایی هەیە و گرنگی ئەوتۆی پێ نەدراوە.

«حکومەت شتێکی ئەوتۆی نەکردوە بۆ گیاندارە کێوییەکان کە شیاوی باسکردن بێت، بەنزین و تراکتۆر بۆ دابینکردنی ئاو لە رێگەی خێرخوازانەوە دابین دەکرێت». نەجیب عومەر، ئەندامی گروپی کێودۆستان لە گەرمیان وتی.

وتیشی: لە روی گرتنی راوچی زۆر کەمتەرخەم بونە لەوەی ناتوانن روبەڕوی پلەدار و بەرپرسە راوچییەکان ببنەوە.

ئەو ئەندامەی گروپی کێودۆستان لە گەرمیان دەشڵێت: حکومەت جەخت لەوە دەکاتەوە پێویستی و ستافی لەبەردەست نیە ئەمە هیچ لۆجیک نیە، چونکە هەمومان دەزانین ئەم حکومەتە چەند داهاتی هەیە و چەندی سەرف دەکات.

هاوکات نمونە وڵاتی ئێران دەهێنێتەوە و جەخت لەوەدەکاتەوە: ئەگەر کەسێک دارێک ببڕێتەوە ١٠ ملیۆن دینار سزای دەدات چ جای بگات بە ئاژەڵێکی کێوی! دەکرێت لای ئێمەش لە پاڵ دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ پۆلیسی دارستان با سزاکان توند بکرێن.

لەبارەی رۆڵی فەرمانگەکانی دیکەوە بۆ پاراستنی ئاژەڵانی کێوی، دوروەید سەلیم، بەرێوبەری فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان دەڵێت: ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە وەک ژینگە هەر لایەنێک لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کە ئەرکیان پەیوەندی بە ژینگەوە هەیە ئەگەر وەک پێویست ئیجرائات نەکەن لە بونی حاڵەتێکی سەرپێچی ئەوە راپۆرتێک ئامادە دەکەین بۆ ئەو مەبەستە و ئاراستەی سەروی خۆمانی دەکەین.

وتیشی: ئێمە بەشێوەی مەیدانی ناتوانین بچینە شوێنی روداوەکان، بەڵام هەندێک بابەتی دیکە هەیە ئێمە دەبینە لایەنی هاوکار، بۆنمونە لە رێنمای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٥ کە هەبو هەر کەسێک کە سەرپێچی کردبێت و راوی کردبێت ئەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئیجرائاتمان لەگەڵ دەکرد بە سزای مادیی، ئەگەر سەرپێچیەکەی قورس بوایە ئاراستەی دادگامان دەکرد، دوای ئەوەی لەلایەن پۆلیسی دارستان و ژینگەوە دەستگیردەکرا.

جەختی لەوەشکردەوە: بەڵام ئێستا بەپێی رێنمایی ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٢٢ هەمو بابەتەکانی سەرپێچی دەخرێتە دادگاوە، بەڵام نوێنەری ئێمە لەوێ دەبێت و داکۆکی دەکات، ئەمەش بەپێی یاسا لە مادەی ٤٢ی ساڵی ٢٠٠٨ کەسەکە بەپێی فەرمانی دادوەر سزاکەی لە ١٠٠ هەزارەوە بۆ ١٠٠ ملیۆن دینار دەست پێدەکات، ئەمەش بۆ هەمو ئەو سەرپێچیانەیە کە دەکرێتە سەر ژینگە بەتایبەت راوی نایاسایی.

## ٣. یاسا نەیتوانیوە راوی ئاژەڵی کێویی کەمبکاتەوە

«یاساکان کەموکورتییان زۆرە، بۆنمونە کەمی پێ بژاردنەکان لەسەر جۆری هەر ئاژەڵێک کە راودەکرێت، هاوکات سزاکان لەسەر راوچییەکان بەجۆرێکە نابێتە بەربەست لەبەردەم راونەکردن».
نعمەت ئەحمەد رەشید، ئەندامی رێکخراوی ژینگە پارێزی گەرمیان و بەرێوبەری گروپی کێودۆستان لە گەرمیان دەڵێت.
دەشڵێت: یەکێکی دیکە لە گرفتەکان لە یاساکەدا ئەوەیە پشتگیری نەکردنی پۆلیسی دارستان لەکاتی دەسگیرکردنی کەسێک لە راوچییەکان.
نەجیب عومەر، ئەندامی گروپی کێودۆستان لە گەرمیان، وتی: ئەگەر لێرەو لەوێ راوچییەک دەستگیربکرێت لە گەرمیان بە یاسای کۆنی عێراقی سزا دەدرێت، ئەویش بە بژاردنی برە پارەیەکی کەم و ئازاد دەکرێت، بۆیە سزاکان هیچ توندنین، ئەمەش وایکردوە راوکردن لە حاڵەتەوە ببێت بە دیاردە.
شوان محەمەد، بەرێوبەری بەرێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان باس لەوە دەکات: دادگا و دادوەرەکان دەتوانن ئەو یاسانەی کە هەن هەڵسەنگێنن.
هێمای بۆئەوەشکرد: بەڵام ئێمە ئیجارائاتەکان بە پێویست نازانین بۆ سەرپێچییەکان، بۆنمونە ئەگەر ئاسکێک بکوژرێت سزاکەی ١٠ ملیۆن دینارە، کەچی تاوەکو ئێستا هیچ کەسێک لەسەر ئەوە سزای مادی بۆ نەکراوە، بۆیە ئەگەر ئەو سزایە بەسەر کەسێکدا بدرایە، ئەوا کەس راوی نەدەکرد.



## ٤. پێویستە چی بکرێت؟

رێکخراوە ژینگەییەکان و چالاکوانان باس لەوە دەکەن بۆ رێگری کردنی زیاتری راوکردن پێویستە هاوکاری باشی بەرێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان بکرێت لەگەڵ رێکخستنەوەی یاسا و توندکردنی لەسەر تاوانباران.
نعمەت ئەحمەد رەشید، ئەندامی رێکخراوی ژینگە پارێزی گەرمیان و بەرێوبەری گروپی کێودۆستان لە گەرمیان دەڵێت: «پێویستە هاوکاری پۆلیسی دارستان بکرێت لەدابینکردنی سوتەمەنی بۆهەندێ لەو بنکانەی پۆلیس کە فشارێکی زۆری راوکردنی لەسەرە، داواشمان کردوە لە بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستانی گەرمیان ئیمکاناتی باش و زیاتر لەوەی کە هەیە لەهەمو روویەکەوە بخرێت بەردەست بۆ زیاتر بەهێزکردنی پۆلیسی دارستان و زیادکردنی بنکەکانی چاودێری لەو شوێنانەی کەتایبەتمەندی خۆی هەیە لە روی جۆری ئاژەڵەکان و ژمارە و گرنگیان وەک لەجێگای تر.
وتیشی: هەروەها بڵاوکردنەوە و دانانی تابلۆی رێنمای بۆ پاراستنی ژیانی کێوی و ژینگەیی، هاوکات دانانی ژمارەی بنکەکانی پۆلیسی دارستانی گەرمیان بۆ هاوکاری کردنی زیاتری خەڵک و بەشدارییان لەپاراستنی ژینگە و ژیانی کێوی.
لەیلا ئەحمەد، باس لەوە دەکات: «پێویستە وەرزی راوکردن رێکبخرێتەوە بە یاسا، هاوکات کەرەستەکانی راوکردن سنورداربکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە پۆلیسی دارستان چاودێرییەکانیان چڕبکەنەوە و بنکەی زیاتر بکەنەوە لەو شوێنای کە لە ژێرمەترسی راوکردندا گیاندارە کێوییەکان».
بەهەمان شێوە، نەجیب عومەر، ئەندامی گروپی کێودۆستان لە گەرمیان وتی: پێوستە ئەو پارە زۆرەی لەبەردەستی حکومەت هەیە برێکی باشی تەرخان بکرێت بۆ ژینگە و دابینکردنی کەرەستەی باش بۆ پۆلیسی دارستان، هەروەها هێزەکانی ئاسایش هاوکاری پۆلیسی دارستان بن لەم بابەتی گرتنی راوچیانەدا، بەجۆرێک کارێک بکرێت کەس نەتوانێ راوی نایاسایی ئەنجام بدات.

## سێیەم: کێشەکانی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان

### ۱. ناساندنێکی گشتی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان

بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان ئەرکی پارێزگاری کردنە لە دارستان سروشتیەکان و ئاژەڵەکێوییەکان لە سنوری گەرمیان لە بونی هەر سەرپێچیەک و دەستدرێژییەک کە بکرێتە سەر ئەو بوارانەی کە باسمان کرد.

ئەم بەڕێوبەرایەتیە لە ساڵی ۲۰۰۷ـەوە لە گەرمیان دامەزراوە و لە ٤ بەش پێکهاتوە لە سەنتەری قەزاکان ئەوانیش: (بەشی کەلار، بەشی کفری، بەشی خانەقین، بەشی قەرەهەنجیر)، هاوکات لە سەنتەری ناحیەکانیش بنکەی تایبەت هەیە ئەوانیش: (بنکەکانی رزگاری، باوەنور، شێخ تەویل و تیلەکۆ) ئەم بنکانە سەر بە بەشی قەزای کەلارن، هاوکات (بنکەکانی ئاوەسپی، نەوجول، سەرقەڵا و کوڵەجۆ کۆکس) سەربە بەشی قەزای کفرییە، هاوکات بنکەی (مەیدان و قۆرەتو) سەر بە بەشی قەزای خانەقینن، لەگەڵ ئەوەشدا بنکەکانی (تەکیەی جەباری، قادرکەرەم و شوان) سەربە بەشی قەرەهەنجیرن.

هەیکەلیەی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان پێکدێت لە کۆمەڵێک بەش و هۆبە ئەوانیش: بەشی کارگێڕی، ژمێریاری، جوڵان، ئامێر و پێداویستیەکان، بەشی یاسا، بەشی پلاندان (کە ئەم بەشە ئامار و بەدواداچون لە خۆ دەگرێت)، هاوکات هۆبەکانیش پێکدێت لە: راگەیاندن، وردبین و پێداچونەوە لە زانیارییەکان.

ئەو یاسایانەی کە بەڕێوبەرایەتییەکە لە راییکردنی کارەکانی دا پشتی پێدەبەستێت، بریتییە لە:

- یاسای ژمارە ۷۵ی ساڵی ۱۹۵۵
- یاسای ژمارە ۸ی ساڵی ۲۰۰۸
- یاسای ژمارە ۲۰ی ساڵی ۲۰۰۸
- یاسای ژمارە ۱ی ساڵی ۲۰۱۵

### ۲. گرفتی بینا

لە سنوری گەرمیان بەشێکی زۆری بەڕێوبەرایەتیەکان بینای تایبەت بە خۆیان نیە، یەکێک لەو بەڕێوبەرایەتیانە پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیانە، ئەگەرچی پێش سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی زەوییان بۆ تەرخان کراوە، بەڵام نەرۆشتوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

شوان محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان باس لەوەدەکات: ئەو بینایەی کە تێیدانی بینای خۆمان نیە، بەڵکو هی بەڕێوبەرایەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی گەرمیانە لە ناحیەی رزگاری، لەگەڵ ئەوەشدا کاتی خۆی زەویمان بۆ تەرخان کرا پێش قەیرانی دارایی بەڵام نەرۆشتە بواری جێبەجێکردنەوە.

### ۳. گرفتی ئۆتۆمبێل

یەکێک لەو کێشانەی کە روبەڕوی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان بوەتەوە خراپی و نزمی مۆدێلی ئۆتۆمبێلەکانیانە، وەک خۆیان دەڵێن پێویستە هەموی چاک بکرێتەوە یاخود بگۆڕدرێت.

شوان محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان، وتی: لە بەڕێوبەرایەتیمان ۳٤ ئۆتۆمبێلمان هەیە، بەڵام هەموی کۆنن پێویستیان بە چاکردنەوە هەیە، چونکە هەمویان مۆدێلی ۲۰۰۰ و خوارترە، لە کاتێکدا ئیشی و کاری ئێمە هەموی لە دەشت و دەردایە وپێویستمان بە ئۆتۆمبێلی باش هەیە، بۆیە پێویستە هەموی بگۆڕدرێت.

باسی لەوەشکرد: ئێمە ۱۳ بنکەمان هەیە لە سنوری گەرمیان، بەکۆی گشتی ۲ ئۆتۆمبێلمان باشە، ئەوانیش دانەیەکمان داوەتە بەشی خانەقین ئەوی دیکەشیان لە بەشی کفرییە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستمان بە چەند ئۆتۆمبێلێکی ئاگرکوژێنەوە هەیە بۆمان دابین بکەن.

دشڵێت: هەمو ئەمانە بە نوسراوی فەرمی داوەتە وەزیری دارایی لە سەردانی بۆ گەرمیان چ لە چاککردنی ئۆتۆمبێلەکانمان چ لە چاککردنی دۆخی سوتەمەنی چ لە چاکردنی پارەی بەردەوام، بۆیە چاوەڕوانین بزانین چیمان بۆ دەکرێت.

جەختی لەوەشکردەوە: بە وەزیری داراییمان وتوە کە ٥۰۰ ملیۆنی لەبەردەستدایە کە پێمان وتراوە پارەمان بۆ تەرخان بکات کە تەنها داوای ٥٥ ملیۆن دینارمان کردوە بۆ چاککردنی کۆی ئۆتۆمبێلەکانمان.

## ٤. گرفتی کەمی نەسریەی مانگانە

«لە پێش قەیرانی دارایی مانگانە ٥ ملیۆن دینارمان بۆ تەرخان دەکرا کە پێی دەوترێ پارەی بەردەوام، بەڵام لەوکاتەوە تاوەکو ئێستا ٢ ملیۆن و ٥٠٠ هەزارمان بۆ خەرج دەکرێت کە ئەمەش بۆ کڕینی پێداویستی تەواوی فەرمانگەکەیە»، شوان محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان وای وت.
وتیشی: گەورەترین کێشەمان دابینکردنی بەنزینە کە مانگانە پێویستمان بە ١٠ ملیۆن دینارە بۆ کڕینی بەنزین، ئەگەریش ٥ ملیۆن دینارمان بۆ دابین بکرێت دەتوانین ئیدامەی خۆمان بدەین، لەگەڵیچ ئەوەشدا داوامان کردوە ئەو پارەیەمان بۆ زیا بکرێت، بەڵام هیچ وەڵام نەدراوینەتەوە، بۆیە نەبونی پارە وایکردوە نەتوانین کارەکانمان وەک پێویست ئەنجام بدەین بە ویستی خۆمان، ئەگەرچی سەرباری ئەو هەمو کێشەیە نەوەستاوین.

## ٥. گرفتی فەرمانبەر

کۆی بەڕێوبەرایەتیەکان کە لە سنوری گەرمیان هەن گرفتی میلاکیان هەیە، لە بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیانیش هەمان کێشە هەیە.
شوان محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان، باس لەوەدەکات: وەک بەڕێوبەرایەتیمان میلاکمان کەمە، بەتایبەت بەشی جوڵانمان کە دەرچونیان هەیە و ئەوانەشی کە هەیە بۆشاییەکانیان پڕکردوەتەوە.
وتیشی: داوای میلاکمان کردوە زیاتر بکرێت، بەڵام وەڵام نەدراوینەتەوە.
بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان بە کۆی بەش و بنکەکانەوە ٤٨٣ فەرمانبەرە، کە لە خودی بەڕێوبەرایەتیەکەدا ٨٠ فەرمانبەرن، هەمو فەرمانبەرانیش میلاکن و گرێبەستیان نیە.

## ٦. گرفتی کەمی بنکەکان

کەمی بنکەکان لە بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان وایکردوە نەتوانن لە هەندێک شوێن کە سەرپێچی هەبێت چ لە راوکردنی ئاژەڵە کێوییەکان بێت یاخود لە دارستانە سروشتیەکان بێت ئیجرائاتی راستەوخۆ بکرێت.
شوان محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان وتی: لە سنوری بەڕێوبەرایەتی دارستان و ژینگەی گەرمیان ٤ بەش و ١٣ بنکەمان هەیە، ئەگەر بمانەوێت کارەکانمان بەباشی تێبپەڕێنێن، ئەوا پێویستمان بە ٥ بنکەی دیکە دەبێت، هاوکات سنوری ناحیەکانیش جیا بکرێتەوە.
بەڕێوبەری پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان دەڵێت: بەش و بنکەکانمان گرفتی ئاویان هەیە و نەتوانراوە بیریان بۆ لێبدرێت بۆئەوەی ئەو گرفتە چارەسەر ببێت.

## ٧. گرفتی نەبونی ژمارە مۆبایلی تایبەت

شوان محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان دەڵێت: وەک بەڕێوبەرایەتی ژمارە مۆبایلی تایبەت بە خۆمان نیە، ئەوەی هەیە ژمارە تەلەفۆنی بەڕێوبەری بەشەکان و خودی خۆمە بەکاردەهێنرێت بۆ سکاڵاکان و هاوڵاتیان پەیوەندی دەکەن.
جەختی لەوەشکردەوە: ژمارە مۆبایلەکان ئاشکران لەگەڵ ناوی بەڕێوبەرانی بەشەکان لە هەرکاتێک پەیوەندی بکرێت وەڵام دەدەنەوە.

## ٨. ئەنجامنەدانی راهێنان

یەکێک لەو گرفتانەی کە لەنێو فەرمانگە حکومیەکان هەیە، نەکردنەوەی راهێنانی تایبەتە بۆ بەرزکردنەوەی توانای فەرمانبەران، یەکێک لەو فەرمانگانەش بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیانە.
شوان محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان جەختی لەوەکردەوە: تاوەکو ئێستا راهێنانی تایبەت نەکراوە بۆ کارمەندان و پۆلیسەکانمان لە شێوازی تەکنیکەکانی دەستگیرکردنی سەرپێچیکاران و چۆنیەتی بەدواداچون کردن و مامەڵەکردن، ئەوەی هەیە ئەو رێنماییانەی کە بۆمان دێتە خوارەوە جێبەجێی دەکەین، لەوە بترازێت هیچ نەکراوە.



## چوارەم: بۆچونی پسپۆڕێکی بواری ژینگە

هیوا رەشید عەلی، دکتۆرا لە یاسای ژینگە و مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان، لەبارەی پرسی ژیانی سروشتی و کێشەکانییەوە، بەدواداچونی وردی کردوە و لە نزیکەوە ئاگاداری دۆخەکەیە. بۆیە باری سەرنج و تێبینییەکانی خۆی بەمشێوەیەی لایخوارەوە خستەڕو:

### ١. کێ ژیانی سروشتی دەپارێزێت؟

سەبارەت بە پاراستنی دارستان و گیانەوەرە کێویەکان لە هەرێمی کوردستان دەتوانین بڵێین لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە دەزگایەکی پەیوەندیدارو چەند یاسا و رێنمایی هەیە بۆ ئەم مەبەستە، هەر ئەمەش زۆرجار بۆتە هۆکاری نا رونی و تێکەڵاوی لە بەرپرسیاریەتی.

بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی بە پێی مادەی سێیەم لە یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ی وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی پۆلیس هەیە بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگەی هەرێم) و لە هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆ ئەم بەڕێوەبەرایەتیە دروستکراوە و تایبەتە بە پاراستنی دارستانەکان و ئاژەڵە کێویەکان لە هەر دەستدرێژیەکی نایاسایی.

جگە لەم بەڕێوەبەرایەتییە، دەزگا و لایەنی تریش بە پێی یاسا و رێنمایی بەرپرسن لەم بوارە هەماهەنگی کردن لەگەڵ پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگە. بۆ نمونە لە مادەی ١٣ رێنمای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢١دا هاتوە: «هاریکاری لە نێوان پێشمەرگەی پاراستنی ژینگە و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و پاراستنی ژینگە لە هەرێم و دەستەی ژینگە و گشت دامودەزگا سەربازیەکانی تر، بەمەبەستی کەمکردنەوەی زیانەکان و هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ سەرپێچیکارانی ئەم رێنماییە».

لێرەدا بۆمان رون دەبێتەوە کە جگە لە هێزەکانی پۆلیسی تایبەت بە پاراستنی دارستان و ژینگە، هێزی پێشمەرگەش هەیە تایبەت بە پاراستنی ژینگە واتە پاراستنی دارستان و گیانەوەران. جگە لەوەش دەزگا سەربازیەکانی تر بە گشتی دەبێت هاوکار و هاماهەنگ بن لەم پرسە.

بەڵام لێرەدا دەپرسین ئاستی ئەم هەماهەنگی و هاوکاریە تا چ رادەیەکە؟ بە دڵنیاییەوە بە پێی لێدوانی پۆلیسی دارستان وپاراستنی ژینگە ئەرکی قورس لە ئەستۆی ئەوانە و هاوکاری و پشتیوانیان کەمە بە تایبەت لە روی دارایی و تەکنیکیەوە.

لەلایەکی ترەوە لە هەرێم یاسای تایبەت بە پاراستنی دارستان هەیە ئەویش (یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٢ی پاراستنی دارستان لە هەرێمی کوردستان). لە مادەی ٥ دا باس لە دارستانە پارێزراوەکان دەکات کە بە بڕیاری وەزارەتی کشتوکاڵ دەبێت. واتە وەزارەتی کشتوکاڵ لە یاساکە رۆڵی گەورەی پێدراوە بۆ پاراستن و گەشەپێدان و وەبەرهێنان لە بواری دارستانە سروشتی و دەستکردەکان. وەکو لە مادەی ٨ی یاساکە هاتوە: وەزارەتی دارایی لە سەر پێشنیاری وەزارەتی کشتوکاڵ دەتوانێت روبەری پێویست لە زەوی میریی دابین بکات بۆ دروستکردنی دارستان و فراوانکردنیان و چاندنی نەمام.

یەکێک لە رۆڵە گرنگەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ بریتیە لە هەڵمەتی هۆشیاری بۆ پاراستن وگەشەپێدانی دارستانەکان و رێگرتن لە سوتان و لەناوچونیان وەکو لە مادەی نۆیەمی یاساکە هاتوە.

بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئەمە کراوە؟

بە پێێ یاسای پاراستنی دارستان رۆڵێکی گرنگ نەدراوە بە پۆلیسی دارستان چونکە ئەوان زیاتر روبەڕوی سەرپێچی کاران دەبنەوە نەک لە ئەستۆ گرتنی مەلەفی بەڕێوەبردن و پاراستن و گەشەپێدانی دارستانەکان.

لەلایەکی ترەوە، بە پێی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٢٢ی تایبەت بە بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێم، دەزگای ئاسایشیش ئەرکدار کراوە بە پاراستنی سەرچاوە ئاویەکان. وەکو لە مادەی ١٥ی یاسای تازەی ئاو باس لەوە دەکات دەزگای ئاسایش و پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگە ئەرکی پاراستنی سەرچاوە ئاویەکان لە ئەستۆ دەگرن.

## ٢. یاسا ڕێگەی بە ڕاوکردن داوە؟

یاسا و ڕێنماییەکان ڕێگەیانداوە بە ڕێکخستنی ڕاوکردن و بەکارهێنانی دارستانەکان لە چوارچێوەیەکی یاسایی داڕیکراودا، بۆ نمونە: بە پێی ڕێنمایەک کە لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەوە دەرچوە بەناوی (ڕێنمای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە ڕاوکردن) لیرەدا باس لە ریکخستنی شێوازی ڕاوکردنی ئاژەڵ و باڵندەکان کراوە و بۆ ئەم مەبەستە پێویستە کەسی ڕاوچی هەڵگری مۆڵەتی یاسایی بێت و پابەند بێت بە مەرجەکانی مۆڵەت کە تیایدا جۆری باڵندە و گیانەوەر و کاتی ڕاوکردن و ژمارەی ئەو ئاژەڵەی ڕاوی دەکات و ئامراز و چەکی بەکارهاتوی ڕاوکردن دیاریکراوە، بەڵام ڕاوکردنی ئاژەڵی کێوی ڕەها نیە، بۆ نمونە: ڕاوکردنی ئەو ئاژەڵانەی مەترسی لەناوچونیان لەسەرە ڕێگە پێنەدراوە و هەر کەسێک ڕاوی ئەو ئاژەڵانە بکات سزای یاسایی دەدرێت. وەکو لە مادەی پێنجەمی ڕێنمای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢١دا هاتوە:

«ڕاوکردنی پڵنگ و مامز و ئاسک و مەڕ و بەرانە کێوی و ورچ و کەمتیا و جۆرەکانی تری ئاژەڵە دەگمەنەکان کە مەترسی لە ناوچونیان لەسەرە بە پێی لیستی (IUCN)ی جیهانی قەدەغەیە بەمەبەستی پاراستنی هاوسەنگی ژینگەیی».

## ٣. دارستانە سروشتییەکان چۆن دەپارێزرێن؟

پرسی پاراستنی دارستانەکان پەیوەستە بە پاراستنی هاوسەنگی سروشتی و هەمەچەشنی زیندەوەران، بە مانایەکی تر بە لەناوچونی دارستانە سروشتیەکان و کەمبونەوەی سەوزای دەبێتە مەترسی جدی بۆ لەناوچونی هەمەچەشنی زیندەوەران و کۆچکردنیان.
لە یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٠٨ی تایبەت بە پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم کە یاسای سەرەکی ژینگەیە بە ڕونی باس لە پاراستنی هەمەچەشنی زیندەوەران کراوە، وەکو لە مادەی ٣١ی یاساکە هاتوە: «بە مەبەستی پاراستنی سروشت و هەمەچەشنی زیندەوەران ئەم کارانە قەدەغەکراون، وەکو: ڕاوکردن، بڕینەوەی دار و درەخت و گیا سروشتیەکان لە سەر زەوی و ئاوی و لە موڵکی گشتی».
یەکێک لە هەڕەشەکان بریتیە لە سوتاندنی دارستانەکان. هەندێجار سوتاندن بە هۆکاری بە ئەنقەستە بۆ مەبەستی دروستکردنی خەڵوز یاخود بە ئیهمالی هاوڵاتی ڕودەدات بە کاتی چون بۆ سەیران و نەکوژانەوەی ئاگرەکانیان. لە مادەی ١٥ لە یاسای پاراستنی دارستانەکان ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٢دا هاتوە: «ڕێگەنادرێت بۆ دروستکردنی خەڵوز دارەکان بسوتێنرێت تەنها بە پێی مۆڵەتی تایبەت نەبێت و بە پێی پێویستی هەرێم».
لە مادەی ٢٠ باس لە پاراستنی دارستانەکان لە ئاگرکەوتنەوە کراوە و لە برگەی چوارەم هاتوە: «ڕێگە نادرێت لە دوری ٣٠٠ مەترەوە لە دارستانەکانەوە ئاگر بکرێتەوە، تەنها ئەویش بە مۆڵەتی وەزارەتی کشتوکاڵ دەبێت».
لە پرسی ڕێگرتن لە ئاگرکەوتنەوە پۆلیسی دارستان بەرپرسیاری پێدراوە لە چوارچیوەی پاراستنی دارستانەکان، بەڵام لە پرسی کۆنترۆڵکردن و کوژانەوەی ئاگری دارستانەکان، باس لەوە کراوە وەزارەتی کشتوکاڵ بە هەماهەنگی لە گەڵ لایەنی پەیوەندیدار پێویستە ئامراز و کەلوپەلی میکانیکی و تەکنیکی پێویست دەستەبەر بکات بۆ کوژانەوەی ئاگری دارستانەکان، لە گەڵ دروستکردنی تاوەری تایبەت بە چاودێری دارستانەکان، لە برگەی شەشەمی مادەی ٢٠یشدا باس لە پەنابردنە بەر دەسەڵاتی کارگێڕی ناوچەکان دەکات بەمەبەستی سود وەرگرتن لە ئۆتۆمبێل و ئامراز و پێداویستیەکانی ئاگر کوژێنەوە و گرتنە بەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ ڕێگرتن لە ئاگرکەوتنەوە.
لیرەدا سەرەرای ئەوەی ئەو دو برگەیەی سەرەوە هەیە لە یاساکە، بەڵام دەبینین هێشتا کیشە و گرفت هەیە لە ڕێگرتن یان کۆنترۆڵکردنی ئاگری دارستانەکان. دەبینین هیچ تاوەرێک نیە بۆ چاودێرییکردنی دارستانەکان، هەروەک لە ڕوداوەکانی ئەم دوایەی سوتانی دارستانە سروشتیەکانی کەناری سیروان بینیمان گرفت هەبو لە کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە بە هۆی نەبونی ئامرازی پێویست بۆ کوژانەوەی ئاگرەکە.

## ٤. داهاتی ژینگە بۆ بواری ژینگە نییە

زۆرجار لایەنە پەیوەندیدارەکان گلەیی لە نەبونی پێداویستی و بودجە دەکەن.
بە پێی ڕێنمای سندوقی پاراستنی و چاککردنی ژینگە ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٩، سندوقێکی تایبەت دروستکراوە بۆ کۆکردنەوەی داهاتە ژینگەیەکان و دواتر تەرخانکردنی بۆ پاراستن و گەشەپێدانی ژینگە.
لە لایەکی ترەوە بە پێی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٢٢ی بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان، باس لە دروستکردنی سندوقیک کراوە بەناوی (سندوقی پاراستن و بوژانەوەی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێم). داهاتی سندوقەکە پێکدێت لە گوژمەی تەرخانکراو لە بودجەی هەرێم و ئەو کۆمەک و یارمەتیانەی پێشکەش دەکرێت، داهاتی ئەم سندوقەش بۆ مەبەستی پاراستن و بوژانەوەی سەرچاوە ئاویەکان و ڕێگەگرتن لە پیسبونی خەرج دەکرێت.
بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوەیە ئەم داهاتانە بۆ ئەو بوارانەی ژینگە ناگەڕێنەوە.
بۆ نمونە هەندێک رسوماتی ژینگەی هەیە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ وەردەگیرێت لە کاتی بەناوکردنی ئۆتۆمبێل، هەندێک رسوم و داهاتی ژینگەی تر هەیە لە لایەن وەزارەتی شارەوانی و وەردەگیرێت، بەڵام هیچ لەم داهاتانە ناچنەوە بۆ سندوقەکە، بەڵکو دەچن بۆ وەزارەتی دارایی، تەنانەت پارەی پێبژاردنەکانی ژینگەش «غرامە» ناچێتەوە ئەم سندوقە.

## ٥. حکومەت کەمتەرخەمە

سەرەڕای هەندێک گرفت لە یاساکان، وەکو ناڕونی هەندێک لە یاساکان و ئەرکدارکردنی چەند دەزگایەک بە پرسی پاراستنی ژینگە و دارستانەکان، بەڵام لاوازی گەورە لە نەبونی هەماهەنگی پێویستە لە نیوان لایەنە بەرپرسەکان، هەر ئەمەش بوەتە هۆکاری لاوازی لە جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکان.
لە لایەکی ترەوە حکومەت زۆر بایەخی بە مەلەفەی ژینگە و دارستانەکان نەداوە و بودجە و توانای مرۆیی و تەکنیکی پێویستی بۆ تەرخان نەکردوە. خودی پۆلیسی دارستان و پاراستنی ژینگەش لاوازە لە چاودێریکردنی دۆخی دارستانەکان و پاراستنی ئاژەڵە کێویەکان، ڕەنگە هۆکارێکی بونی بنکەی ئەو هێزانە بێت لەناو شاردا لە جیاتی بونیان لە نزیک دارستانەکان. ئەو هێزانەش پێویستیان بە پشتیوانی زیاتر هەیە لە روی ڕاهێنان و دابینکردنی کەرەستە و ئامرازی پێویست بۆ چاودێرییکردن، وەکو: کامێرای چاودێری و درۆن و کۆپتەری ئاگرکوژاندنەوە.



# بەشی دوەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجامەکان

١. بەپێی داتا فەرمییەکان کە هی ساڵی ٢٠١٥ن، لە سنوری گەرمیان رێژەی سەوزای ١٣٣ هەزار دۆنمە کە لە ٪٨٠ی دەبێتە دارستانی سروشتی و چەمە وەرزییەکان. هەرچی رێژە و ژمارەی ئاژەڵی کێوییە، ئەوا هیچ داتایەکی رون یان بە نزیکەیی بونی نییە.

٢. بەوتەی رێکخراوە ژینگەییەکان و چالاکوانانی بواری ژینگە، ٪٨٠ی دارستانەکانی سنورەکە لەناوچون. هەروەک چالاکوانان ئاماژە بەوەدەکەن ئاژەڵی کێویەکان لەماوەی ٣٠ ساڵی رابردودا ٪٨٠یان لەناوچون. هەرچی حکومەتیشە هیچ داتایەکی فەرمی و زانستیی لەلا نیە کە رێژەی لەناوچونی دارستان و ئاژەڵی کێوی دەربخات.
لە لەناوچونی دارستانەکان دا، ٣ هۆکاری سەرەکی هەیە:
یەکەم: سوتان و سوتاندن.
دوەم: تێکدانیان لەلایەن کارگەکانی چەو و لم.
سێیەمیشیان: داگیرکردنی زەویەکەی لەلایەن هاوڵاتیان و بەکارهێنانی بۆ کشتوکاڵ کردن.
هەرچی لەناوچونی ئاژەڵە کێوییەکانیشە، ئەوا ئاماژە بە ٣ هۆکار دەکرێت:
یەکەم: لەناوچونی دارستان و پاوانەکان کە لانە و هێلانە و جێگەی ژیانی ئاژەڵەکانن.
دوەم: وشکەساڵی و گۆرانی کەشوهەوا، کەوایکردوە ئاژەڵەکان بفەوتێن یان کۆچ بکەن.
سێیەم: راوکردن، کە وایکردوە بە شێوەیەکی زۆر و بەرفراوان ئەنجام بدرێت و ببێتە هۆی کەمبونەوەی ژمارەی ئاژەڵە کێوییەکان.

٣. لە ساڵی ٢٠٢٠ەوە تا حەوت مانگی ئەمساڵ، ١٤ کەس لە دادگا سزادراون بەهۆی پێشێلکارییکردنە سەر دارستانەکان.
بەپێی داتاکانی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان لەماوەی ساڵی ٢٠٢٠ هەتا سەرەتای مانگی تەموزی ئەمساڵ (واتا ٣ ساڵ و نیو)، ٣٨٦ سەرپێچیکار لەوانەی زیانیان بە دارستان و ئاژەڵی کێوی گەیاندوە، دەستگیر کراون. هەروەک بەوتەی بەرێوبەری پۆلیسی دارستان، سەرپێچی دیکە هەبون کە نەیاندراون بە دادگا و لە یەکە ئیدارییەکان یەکلا کراونەتەوە، چونکە وەکخۆی دەڵێت: «سەرپێچییەکە بەوشێوەیە نەبوە».

٤. ئەو کەسانەی دەستگیر دەکرێن، دەدرێنە دادگا، بەڵام ژمارەی ئەوانەی کە سزا دەدرێن نازانرێت، هەروەک چالاکوانان و حکومەت باس لەوەدەکەن سزاکان سوکن، چونکە سزای وا هەیە دەگاتە ١٠ ملیۆن دینار، بەڵام وەک بەرپرسان ئاماژەی پێدەکەن، قەت نەیانبیستوە کەس ئەو سزایە بدرێت.

٥. چەند دامودەزگایەکی حکومیی هەیە کە پەیوەندیدارن بە پرسی ژینگە و دارستان و ئاژەڵی کێوییەوە، لەوانە: (پۆلیسی دارستان، دارستان و پاوان، ژینگە)، بەڵام نارونی لە ئەرکیاندا هەیە، یان بەشی پێویست دەسەڵاتیان نییە.

٦. پرۆسەی چاودێریی دارستانە سروشتی و ئاژەڵە کێوییەکان، هەم کۆن و تەقلیدییە، هەمیش تێچوی زۆرە، چونکە ناوچەکە بەرفراوانە و رێگای هەرە باویش ئەوەیە بە ئۆتۆمبیل بەسەریان بکەنەوە، کە ئەمەش تێچوی زۆرە و زۆرجار وادەکات لایەنە چاودێرییکارەکان نەتوانن بەشی پێویست گەرانی مەیدانییان هەبێت بەهۆی کێشەی سوتەمەنی و ئۆتۆمبیلەوە.

٧. بەرێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان، لایەنی سەرەکیی پاراستنی ژیانی سروشتیە لە گەرمیان، ئەم بەرێوبەرایەتیە لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە دامەزراوە و لە ٤ بەش و ١٣ بنکە پێکدێت کەبەسەر قەزا و ناحیەکاندا دابەش بون.

٨. لە روی یاساییەوە، زۆر یاسا و ڕێنمایی هەن کە بواری ژیانی سروشتی ڕێکدەخەن، لەنمونەی: (یاسای ژمارە ٧٥ی ساڵی ١٩٥٥، یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٠٨، یاسای ژمارە ٢٠ی ساڵی ٢٠٠٨، یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ «وەزارەتی ناوخۆ»، یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٢، یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٥، یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٢٢)، لەگەڵ (ڕێنمای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢١).
ئەو یاسا و ڕێکارانەی هەن، نەبونەتە هۆکاری کۆتاییهێنان بە راوکردن، لەمەشدا جگە لەوەی حکومەت تۆمەتبار دەکرێت بە کەمتەرخەمیی، هاوکات باس لەوەش دەکرێت کەسانی بەرپرس و دەسترۆشتو و کورەکانیان، بە چەک و ئۆتۆمبیلی مۆدێرن و باش راودەکەن و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت، تەنانەت کەسانی وا تۆمەتبار دەکرێن بە راوکردن کە خۆیان کارمەندی هێزە ئەمنیەکانن.
لەبەرامبەردا حکومەت تۆمەتی ئەوە رەد دەکاتەوە ئاسانکارییان کردبێت بۆ راوکردن، نمونەی ئەوەش دێننەوە کە جاری وا هەبوە پۆلیسیان لە روبەروبونەوەی راوچییەکاندا بریندار بون.
بەلام وەک چالاکوانێک ئاماژەی پێدەدات، لێپرسینەوەکان بەپێی ئەو دەستدرێژیانە نیە کە دەبینین رۆژانە دەکرێتە سەر ژینگە و سروشتی ناوچەکە، هەروەک شارەزایەکی یاساش دەڵێت: حکومەت زۆر بایەخی بە مەلەفەی ژینگە و دارستانەکان نەداوە و بودجە و توانای مرۆیی و تەکنیکی پێویستی بۆ تەرخان نەکردوە.
ئەم بەرێوبەرایەتییە کێشەی زۆری هەیە، هەر لە نەبونی پێداویستی و کەمی میلاکەوە، تادەگات بە نەبونی بودجەی پێویست و کێشەی بینا و هی دیکەوە.
هەروەک شێوازی کارکردنی بەرێوبەرایەتیەکە تەقلیدییە و کارمەندەکانی خولی پسپۆری تایبەتیان بەم بوارە بۆ نەکراوەتەوە و رانەهێنراون.

٩. ئەگەرچی حکومەت جەخت لە پێویستیی بەشداریی هاوڵاتیان لە پاراستنی ژینگە و ژینگەی سروشتی دەکاتەوە، بەلام هیچ ڕێوشوێنێکی دانەناوە، تەنانەت هیچ ژمارەیە تەلەفۆنێکی تایبەت نیە بۆ ئەوەی هاوڵاتیان لەکاتی بەدییکردنی راو و پێشێلکاریی بەرامبەر بە ژینگەی سروشتی پەنای بۆ ببەن.

## دوەم: ڕاسپاردەکان

- لە روی یاساییەوە کێشەیەکی ئەوتۆی بۆشایی نەبونی یاسا لەم بوارەدا نییە، بەلام رەنگە یاساکان پێویست بە هەموارکردنەوە بکەن و وابکرێت زیاتر گونجاوبن بۆ دۆخی ئێستا. گرنگیشە لە دانانی یاساکاندا رەچاوی دۆخی ناوچەکان بکرێت، لەمەشدا دەبێت دۆخی ناوچەی گەرمیان رەچاو بکرێت، کە دیارترین ناوچەیە لە زۆریی مەترسیەکانی روبەروی وشکەساڵی و گۆڕانی کەشوهەوا و بەبیابان بون.

- لەبەرامبەردا ئەوەی کە کەلێنە، شێوازی جێبەجێکردنی یاساکانە، ئەمەش هەندێکجار بەهۆی هەڵەتێگەیشتن، یان لێکدانەوەی جیاوازەوەیە. جگە لەوەش هەست بەوەدەکرێت دادگاکان زۆر بواری ژینگە بە هەند وەرناگرن و لێپێچینەوە و حوکم و سزادانەکانیان هاوشێوەی بوارەکانی دیکە نییە، نمونەش بۆ ئەم قسەیە، وتەیەکی بەرێوبەری پۆلیسی دارستانی گەرمیانە کە باس لەوەدەکات هەندێک جۆری راو سزاکەی دەگاتە ١٠ ملیۆن دینار، بەلام هەرگیز نەیانبیستوە کەس بەم پێبژاردنە سزا بدرێت. ئەمە جگە لەوەی پرۆسەی دەرچونی سزاکان و یەکلایی بونەوەی کەیسەکان زۆرجار کاتی زۆر دەبات و ئەمەش نائومێدیی دروست دەکات.

- له بواری جێبەجێکردندا، پێویسته حکومەتی خۆجێی کاراتر بێت له پاراستنی ژیانی سروشتی. لەماوەکانی رابردودا حکومەت بڕیاری داخستنی کانەکانی چەو و لمی دا، که ئەمەش بڕیارێکی بوێرانه بو و بوەهۆی بوژاندنەوەی دارستانه سروشتییەکان، بەڵام له هەندێک پرسی دیکەدا ئەو حەماس و بەدەمەوەچونه نەبینرا، بەتایبەتی له پرسی ئاگرکەوتنەوه له دارستانەکان و مەسەلەی راوکردن.
بۆیه پێشنیاز دەکەین ئەنجومەنێکی پاراستنی ژیانی سروشتی لەسەر ئاستی ئیدارەی گەرمیان و قەزا و ناحیەکان پێکبێت، که ئەنجومەنەکه پرۆگرام و کارنامەی خۆی هەبێت و بەشێوەیەکی خولیی کۆبونەوه بکات و بەدواداچون بکات بۆ پرسەکانی پەیوەست به پاراستنی ژیانی سروشتی.

- لەروی پۆڵینکاریی ژیانی سروشتییەوه، حکومەت هیچ هەنگاوێکی نەناوه، تائێستا هیچ رێبەر و بڵاوکراوه و تۆمارێک نیه که دەریبخات چ روەک و نەمام و گیاندار و پەلەوەرێکی سروشتی لەناوچەکەدا هەن، تەنانەت بڕی گریمانکراویی روبەری دارستان و ژمارەی ئاژەڵه کێویەکانیش نازانرێت.
پێویسته حکومەت بەتایبەت ئەو لایەنانەی که پەیوەندیدارن، لەم بوارەدا رۆڵ بگێڕن و هەوڵی ئامادەکردنی رێبەرێک بدەن، بۆ ئەم مەبەستەش زۆر گرنگه زانکۆی گەرمیان بەشدار بێت و تەنانەت بەهۆی بونی پسپۆڕیی و توانای زانستیی باش له زانکۆکه، دەتوانرێت به فەراهەمکردنی پێداویستییەکان، ئەوان بەو کاره هەستن.

- شێوازی پاراستنی ژیانی سروشتی زۆر تەقلیدی و کۆنه، ئەمەش وادەکات زۆر کارا نەبن. بۆیه پێشنیاز دەکەین که رێکاری نوێ بگیرێته بەر، لەنمونەی: دروستکردنی تاوەری چاودێریی، پشتبەستن به فلای کام (کامێرای فڕیو) و درۆن، دانانی کامێرای چاودێریی جێگیر و ...هتد، بەمەبەستی چاودێرییکردنی وردی ژیانی سروشتی و ئاگاداربون له هەر پێشێلکارییەک که دەکرێت.

- بونی بنکەکانی پۆلیسی دارستان له دور لەناوچەکانی ژیانی سروشتی، وایکردوه تیمەکانی پۆلیس به ئاسان نەگەن بەو شوێنانه لەکاتی بونی هەر سەرپێچییەکدا، بۆیه دەبێت بیر لەوه بکرێتەوه بنکەکان شوێنەکانیان بگۆڕدرێت و نزیکبن لەو ناوچانەوه که ژیانی سروشتی تیایاندا هەیه.
هەروەک دەبێت رێنمایی نوێ دەربکرێت بەوەی سەرجەم هێزه ئەمنییەکان لەکاتی بونی سەرپێچی بۆسەر ژیانی سروشتی، دەستوەردان بکەن و بێنه سەر خەت و پەیوەندیان لەگەڵ پۆلیسی دارستان هەبێت، نەک ئەوەی به کاری خۆیانی نەزانن.

- دەبێت حكومـەت هەوڵبدات پرسـی پاراسـتنی ژیانی سروشـتی بـكات بە پرسـێكی هاوبەش و گشـتیی و هاوڵاتیـان بەشـداریی پێبـكات، بۆ ئەم مەبەسـتەش گرنگـە چالاكیی هۆشـیاریی هەبێت، هـەروەك ڕێگاكانی پەیوەندیكردنـی هاوڵاتیـان كارا بـكات، لەنمونـەی دانانی سـەنتەرێكی زانیاریـی و دەستنیشـانكردنی ژمارە تەلەفۆنێكـی خۆڕایـی كە هاوڵاتیـان لەكاتی بونی سـەرپێچی دا بـە ئاسـانی پەیوەندیی پێوەبكـەن. یاخود دروسـتكردنی پەیوەندیـی لەگـەڵ هێڵـی گەرمـی (١٠٤) بۆ ئـەوەی هاوڵاتیان لەكاتـی بونی سـەرپێچی لە ژیانـی سروشـتی، بەبـێ بەرامبـەر تەلەفۆن بـۆ ئەو ژمارەیـە بكەن.

- زۆجـار حاڵەتـی ڕاوكردنی بەرپرسـانی حزبی و حكومیـی و سـەربازیی و كوڕەكانیان و هەروەهـا كارمەندانی حكومـەت و دەزگا ئەمنییـەكان، بینـراوە و تۆماركـراون، پێویسـتە لەمـڕوەوە حزب و حكومـەت پێداگیر بن و سـزای ئەو كەسـانە بدەن و ئاسـانكارییان لەگەڵـدا نەكەن.
پێویسـتە لایەنـە حكومییەكانیـش بوێـر بـن لـە ئاشـكراكردنی ناوی ئـەو كەسـانەی ڕاوی ئاژەڵـی كێوی دەكـەن و ڕایگشـتی لەسـەریان بەجـواب بهێنرێـت.

- دەسـتدرێژییەكی زۆر هەیـە بۆسـەر دارسـتانە سروشـتیەكان، چ بەهـۆكاری پیشەسـازیی، یان بەمەبەسـتی كشـتوكاڵیی. گرنگـە حكومـەت لەم بابەتـەدا ڕون و توند بێـت، بەوەی ڕێگە نـەدات ڕوبەری دارسـتانەكان بـۆ مەرامـی دیكە لەنـاو ببرێن.
بـۆ ئەم مەبەسـتەش پێویسـتە بەشـێوەیەكی دەوریی بەسـەر دارسـتان و ڕوبـەرە سروشـتییەكاندا گوزەر بكـەن و ڕاپۆرتیـان لەبـارەوە ئامادە بكـەن و كەسـانی سـەرپێچیكار بدەنە دادگا.

**لەبارەی (یەكەی چاودێریی حكومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەكەیەكی ڕۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی ڕادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموكراسی ئەمریكی (NED) سـاڵی ٢٠١٧ دامـەزراوە، كاری چاودێرییكردنـی حكومەتـی خۆجێیـی گەرمیـان ئەنجـام دەدات بەمەبەسـتی پـەرەدان بەكارەكانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسـەی چاودێرییكردن و شـەفافیەت و پتەوكردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروسـتكردنی لێكتێگەیشـتنێكی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەكان.

* ستافی یەكەی چاودێری حكومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. سروە كەریم

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net